شاندێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد 4



رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5719) پێنج شەممە 28ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەسلێمانی کۆبوونەوە

کۆبوونەوەی شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی بەردەوام دەبێت

دوێنێ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سلێمانی هەردوو شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی و کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.
بەپێی زانیارییەکان شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی لەو کۆبوونەوەیەکدا بەڕاشکاوانە خواست و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەت خستۆتەڕوو و بڕیاریش دراوە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن.

بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی دکتۆرای شانازیی بەخشرایە پرۆفیسۆر دکتۆر کۆچەر بیرکار

نێچیرڤان بارزانی: داهاتووی گەلی کوردستان لە وەرگرتنی زانستدایە

ئەمڕۆ پێویستیمان بە زانای بوارەکانی زانستە بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بە بیر و مێشکی مرۆڤ بدەن



پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/3/27 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتار و کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و ئەکادیمی و دکتۆر و مامۆستایانی زانکۆکانی ناوخۆ و بیانی، لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی دکتۆرای شانازیی زانکۆی سەڵاحەدین بەخشرایە پرۆفیسۆر د. کۆچەر بیرکار.
لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا جیا لە بەخێرهێنانی میوانانی ڕێوڕەسمەکە بەتایبەتی د. کۆچەر بیرکار، سوپاسی زانکۆی سەڵاحەدین و بەڕێز سەرۆکی زانکۆ د. ئەحمەد دزەیی کرد بۆ پێشکەشکردنی دکتۆرای شانازی بە پرۆفیسۆر د. کۆچەر و خۆشحاڵیی خۆیشی بۆ بەشداریکردن لەو ڕێوڕەسمەدا بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە کە یەکەمیان بوونی د. کۆچەر لە هەرێمی کوردستان و دووەمیشیان گەڕانەوەیە بۆ بواری ژیانی شارستانیی ئاسایی کە سااڵنێکە بە هۆی گرژییەکان و ئاڵۆزی و شەڕەوە کەمێک دوور کەوتبوونەوە.
بەڕێزیان ئاماژەی بەوەشکرد کە تاکە ڕێگەی پێشکەوتنی هەر گەلێک فێربوونی زانستی سەردەمییانەیە، بۆیە ڕایگەیاند: گەلی کوردستان شانازی بەو کەسایەتییە زانستییانەوە دەکات ئەوانەی دەتوانن لە بواری جۆراجۆردا ناوی کوردستان ببەنە پێشەوە و لە ناوخۆشدا ببنە هاندەری گۆڕانی بیر و هزری کۆمەڵگە و ئەمەشی بە خەباتێکی گەورە لە پاڵ خەباتی سیاسیدا زانی و دووپاتی کردەوە کە کوردستان پێشمەرگە و کەسی چاونەترسی زۆرە و ئێستا پێویستی بە کەسانی لێهاتوو و زانای بوارەکانی زانستە کە بتوانن پەرە بە بیر و مێشک بدەن. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەڕێزیان ئاشکرایکرد کە د. کۆچەر خۆی خۆی پێگەیاندووە و تەنیا بنەماڵەکەی پشتیوان و هاندەری بوون تا گەیشتە ئەوەی خەڵاتی ناوداری (فیڵدز) لە بواری زانستی ماتماتیکدا بەدەست بهێنێت، ئەمەشی بە وانەیەکی دیکە بۆ لاوان زانی تا زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن، چونکە بیانوو و گلەیی هیچ کەموکوڕییەک چارەسەر ناکات و بە پێویستیزانی سوود لە کات وەربگیرێت.

دەقی وتارەکە لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە




بەمزووانە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

ئومێد خۆشناو: کارنامەی دانیشتنەکە هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک دەبێت

د. محەمەد بازیانی: پێویستە پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



د. محەمەد بازیانی، سیاسەتمەداری کورد، سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: پێویستە پەلە بکرێت لە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕەمزی هەرێمی کوردستانە و زۆریش زەرووە، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و دواتر حکوومەت پێکدێت، ئەمەش وا دەکات بازاڕ ببووژێتەوە و هەموو کارەکان ڕاستەڕێ بن.
ئەو سیاسەتمەدارەی کورد، لە لێدوانێکیدا بە مااڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: دواکەوتنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی سلبیی دەبێت لەسەر هاوواڵتیان و لەسەر ئاستی وڵاتانیش بۆ کورد باش نییە، چونکە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی دیموکراتە و هەڵبژاردنی لێ ئەنجام دراوە و قوربانیی زۆریشی لە ڕێگەی پێشمەرگەدا داوە، بۆیە گرنگە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەت و پەرلەمانیش کارا بکرێت بۆ ئەوەی دەست بە دەرکردنی یاسا بکات.



پارێزگاری لەکارلادراوی مووسڵ دەستگیردەکرێت



بەگوێرەی گۆڤارێکی ئەمەریکی هێشتا ئیمپراتۆریەتە داراییەکەی داعش تێکنەشکاوە

زیاتر لە لاپەرە 4 بخوێنەوە



ئامەد... نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە



ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ:

بۆ دامەزراندنی پۆلیس چاوەڕێی وەاڵمی ئەنجوومەنی وەزیرانین

د. محەمەد بازیانی: پێویستە پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

پێکنەهێنانی حکوومەت دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی هاووڵاتیان بە هەڵبژاردن



د. محەمەد بازیانی، سیاسەتمەداری کورد، سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: پێویستە پەلە بکرێت لە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕەمزی هەرێمی کوردستانە و زۆریش زەروورە، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت و دواتر حکوومەت پێکدێت، ئەمەش وا دەکات بازاڕ ببووژێتەوە و هەموو کارەکان ڕاستەڕێ بن.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد، لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: دواکەوتنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەریی سلبیی دەبێت لەسەر هاووڵاتیان و لەسەر ئاستی وڵاتانیش بۆ کورد باش نییە، چونکە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی دیموکراتە و هەڵبژاردنی لێ ئەنجام دراوە و قوربانیی زۆریشی لە ڕێگەی پێشمەرگەدا داوە، بۆیە گرنگە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەت و پەرلەمانیش کارا بکرێت بۆ ئەوەی دەست بە دەرکردنی یاسا بکات.

د.محەمەد بازیانی باسی لەوەشکردووە: بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ڕەمزی هەرێمی کوردستانە، پێویستە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بۆیە پێویستە کۆدەنگی بۆ دروست بکرێت، بۆیە زەروورە یاساکە هەموار بکرێتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرن، چونکە لە ڕێگەی ئەو، سەرۆکی حکوومەت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕادەسپێردرێت. بازیانی باسی لەوەشکردووە: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ماوەیەکی دیاریکراودا حکوومەت دروست دەکات، بۆیە هەموو پێکەوە گرێدراوە و دواکەوتنیشی زەرەر و زیانی لە ئێستا و داهاتووشدا دەبێت و هاووڵاتیانیش متمانەیان بە هەڵبژاردن نامینێت، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەت، لەبەر ئەوەی بە دروستکردنی حکوومەت بازاڕیش زیاتر دەبووژێتەوە و بازرگانی زیاتر دەبێت و هەموو کارەکان ڕاستەڕێ دەبن.

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێکرد

یوری ڕۆمانەڤیچ سوپاسگوزاری خۆی بۆ پاڵپشتییەکانی سەرۆک بارزانی دەربڕی لە بەرانبەر هاوکاریکردنی پەیمانگەکەیان



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی، بەشی کوردی کرد، کە بە سەردانێکی زانستی هاتوون و لێکۆڵینەوە بۆ نووسینی کتێبێک لەسەر کوردستان بە ناونیشانی 'کوردستان لە قۆناغی نوێدا دەکەن. پەیمانگای ناوبرا یەکێکە لە کۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەرشیڤەکان لەسەر میژووی کورد و کوردستان. شاندەکە پێک هاتووە لە یوری ڕۆمانەڤیچ دەسنی، سەرۆکی پەیمانگای ئێزیدی بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینی و میژوویی و کیریلۆ ڤالێنتینەڤیچ ڤێرتیاێف، گەورە فەرمانبەر و لێکۆڵەری بەشی کوردیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی و، لانە مەجیدەڤنە ڕەڤەندە فادی، گەورە فەرمانبەر و لێکۆڵەری بەشی کوردیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی.

لەو دیدارەدا باس لە ڕەوشی ئێستای کورد و کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان کە بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕن. هۆشیار سیوەیلی سوپاسی پەیمانگای ناوبراوی کرد بۆ ئەو کارانەی لەسەر کوردستان کردوویانە و بەردەوام لەسەریان و بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتیی دا. پاشان بە وردی باسی لە سیاسەتی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ شاندی میوان کرد. لە دریژەی ئەو دانیشتنەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان و بەغدا باشن و بەرەو باشتریش هەنگاو دەنێن، بە حوکمی ئەوەی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق تێگەیشتنی باشتر و ڕوانگەیی جیاوازی بۆ پرسی کورد و چارەسەری کێشەکان هەیە. هەرچەندە هەندێک کەسی دیکەی لە عێراقدا دەیانەوێت پرۆسەی سیاسیی عێراق بە ئاراستەیەکی دوژمنانە بەرانبەر پێکهاتەکانی عێراق پێرەوەی بکەن، بەڵام ئێمە دڵنیاین کە ئەوانە هەرگیز سەرناکەون و هەمیشە سەرکەوتوو نابن. دەربارەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیوەیلی دووپاتی سیاسەتی پارتی کردووە کە بڕیتییە لە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بە ئامانجی گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە ڕێگای ئاشتییانەوە.

یوری ڕۆمانەڤیچ، بە ناوی شاندی میوانەوە سوپاسی ئەو دیدارەی کرد و، سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ئەو هاوکاری و پاڵپشتییانەی کە لە پەیمانگاکەیانی کردووە بو بەردەوامبوون لە کار و چالاکییەکانیان و نوێکردنەوەی سەنتەرەکەیان. پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی باسیان لە کار و چالاکییەکانی خۆیان کرد کە مەبەستی سەرەکییان ناساندن و لێکۆڵینەوەیە لە پرسی کورد بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی گەلی کوردستان.

بەمزووانە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

ئومێد خۆشناو: کارنامەی دانیشتنەکە هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک دەبێت

بەمزووانە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەموار دەکرێتەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لە ئەنجامدانی چاکسازی دەکاتەوە و هاوکات دەڵێت یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکرێتەوە و لە کۆبوونەوەکەشدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دیاری دەکرێت.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: سەبارەت بە نەهێشتنی خانەنشینیی پلە بالاکان و چاکسازی لە پەرلەمان و حکوومەتدا، لە خولی ڕابردوو و ئێستاشدا فراکسیۆنی پارتی جەختی لەسەر کردووەتەوە و پرۆژەی بەهێزیشی پێشکەش کردووە.

هەروەها خۆشناو گوتیشیەتی: بۆ نەهێشتنی خانەنشینیی پەرلەمانتاران و پلە بالاکان و چاکسازی لە پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمان، فراکسیۆنی پارتی بە هەموو شێوەیەک پشگیریی خۆی دووپاتدەکاتەوە، هاوکات بە پرۆژەی گرنگ کار لەسەر ئەم پرسە دەکەن. دەشڵێت: لە ئێستادا پرۆژەی چاکسازی و خانەنشینیی پلەبالاکان کۆدەنگیی زیاتری فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی لەسەرە، ئەمەش وادەکات پرسی چاکسازی خێراتر و گرنگتر کاری لەسەر بکرێت.

ئومێد خۆشناو ئاماژەی بەوەشکردووە: لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە کۆبوونەوە و گفتوگۆداین و ئامادەکاری دەکرێت تا بەمزووانە دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت، کارنامەی دانیشتنەکەش هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەبێت.

هەروەها بژار خالید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندووە: پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەیەکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و هەموو فراکسیۆنەکانیش پێی ڕازین و تێبینی و هێڵی سووریان لەسەری نییە، بڕیاریشە هەفتەی داهاتوو پرۆژەکە پێشکەش بکرێت و پارتیش دەیەوێت هەموو لایەک پێی ڕازی بن و کۆدەنگیی لەسەر دروست بێت.

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆدەبێتەوە

پرۆژەی یاسای بیمەی تەندروستی دەخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان



کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا چەند پرۆژە یاسایەک دەخاتەڕوو. بەپێی زانیارییەکان لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی دەخاتە بەرنامەی کاری پەرلەمان، لە سەرەتای دانیشتنەکەشدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای خێراکردن و هاوکاری بوارەکانی ئابووری و ووزە لەنێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی کۆرپای باشوور تاوتوێ دەکرێت.

ڕۆژئاوای کوردستان.. کورد گیریخواردووە بەدەست ژمارەی زۆری چەکدارە دەستگیرکراوەکانی داعش

عەبدولکەریم عومەر: داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین لە دادگەیەکی نێودەوڵەتیدا ئەو چەکدارانە دادگایی بکات



وێنە هەواڵ

تورکیا کاروانێکی هێزی کۆماندۆ و زرێپۆشی سەربازیی ڕەوانەی سنووری سووریا کرد، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمەریکا دەیەوێت ناوچەی ئاڕام لەسەر سنووری تورکیا و سوریا دروست بکات

خەبات- مەریوان نەقشبەندی: بەرپرسانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن لە مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی چەکداران و خێزان و منداڵانی داعش کە لە باغۆز و شوێنەکانی تری سووریادا خۆیان ڕادەستکردووە، هاوکاریان بکەن. لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی بی بی سی بەریتانیا، عەبدولکەریم عومەر، بەرپرسێکی کورد لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، گوتی: ئێمە چاوەڕێی ئەو ژمارە زۆرەی چەکدار و خێزان و منداڵەکانی داعشمان نەدەکرد کە لەم چەند هەفتەی ڕابردوودا لە باغوز خۆیان ڕادەستکردووە و ئێستا گیرمانخواردووە بەدەستیانەوە، چونکە وڵاتەکانیان وەریان ناگرنەوە و ئەوانەی خەڵکی سووریاشن کەسوکارەکەیان وەریان ناگرنەوە، بۆیە خواردن و جێگە و بەخێوکردن و چاودێریکردنیان بووەتە ئەرکێکی قورس بۆ ئێمە و داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەم بێن هاوکاریمان بکەن و دادگایەکی نێودەوڵەتیش بۆ دادگاییکردنی تاوانبارەکانیان دابمەزرێت. ئەم بەرپرسە کوردە هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە گوایە ئەو دیلانەی داعش و خێزان و منداڵەکانیان کۆکرابنەوە و کۆمەڵکوژکراین، لەمبارەیەوە گوتی: یەک کەس لەو چەکدارانەی داعشیش کە خۆی بەدەستەوە داوە مامەڵەی خراپی لەگەڵ نەکراوە و بەوپەڕی مرۆیی مامەڵە لەگەڵ خێزان و خێزان و منداڵەکانیان کراوە و میدیاکانیش ڕاستی بارودۆخی ئەم دیل و خۆڕادەستکراوانەیان گواستووەتەوە و ئێستاش خۆمان داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین لە دادگاییکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا هاوکارمان بن.

وتاری نێچیرڤان بارزانی لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی دکتۆرای شانازیی بە پرۆفیسۆر دکتۆر کۆچەر بیرکار

نێچیرڤان بارزانی: داهاتووی گەلی کوردستان لە وەرگرتنی زانستدایە



ئێمە دەزانین کە د. کۆچەر خۆی خۆی پێگەیاندووە تا گەیشتە ئەوەی خەڵاتی فیلدز بەدەست بهێنێت

پێشنیار دەکەم لە یەکێک لە زانکۆکانی سەڵاحەدین، سلێمانی، دهۆک هۆڵێکی تایبەت بە ناوی د. کۆچەر بیرکارەوە بکرێت



د. کۆچەر بیرکار بەو دەستکەوتە زانستییانەی بەدەستی هێناون خزمەتێکی گەورەی بە گەل و وڵاتەکەی و جیهان کردووە

ئامادەبووانی بەڕێز و خۆشەویست،
سڵاوتان لێ بێت،

بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم، بەتایبەتی بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانی ئازیزمان د. کۆچەر بیرکار دەکەم. هەروەها دەستخۆشی و سوپاسی زانکۆی سەڵاحەدین و دکتۆر ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆ دەکەم کە بڕیاریان دا پلەی دکتۆرای شانازی بە پرۆفیسۆر د. کۆچەر ببەخشن. سوپاسیان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێوڕەسمە و خۆشحاڵم کە لێرە لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا بەشدارم.

لە ڕاستیدا لەبەر دوو هۆ هەست بە خۆشحاڵی دەکەم. یەکگومان یەکەمیان بوونی پرۆفیسۆر د. کۆچەرە لێرە کە ئەم بۆنەیە تایبەتە بە جەنابیان. دووەم: لەوانەیە کاتی هاتبێ ئێمەش ڕایبگەینین کەوا پێویستە ڕوو بکەینەوە بواری ژیانی شارستانییانەی ئاسایی کە سااڵنێکە بە هۆی گرژییەکان و ئاڵۆزی و شەڕەوە، کەمێک دوور کەوتبوینەوە.

ئێمە نابێ هیچ ڕۆژێک ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێتەوە کە تاکە ڕێگەی پێشکەوتنی هەر گەلێک بریتییە لە فێربوونی زانستی سەردەمییانە. دەبێ لە بیرمان نەچێتەوە کەوا بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، داهاتووی گەش و سەربەرزانە تەنیا لە دەستکەوتنی زانست و لە دەستکەوتی زانستیانەدایە.

گەلی کوردستان لە هەر شوێنێک بێت شانازی بەو کەسایەتییە زانستیانەوە دەکات کە دەتوانن لە بواری جۆراجۆردا ناوی کوردستان و کورد ببەنە پێشەوە و لە ناوەخۆشدا ببنە هاندەری گۆڕانی بیر و هزری کۆمەڵگە. ئەمە خەباتێکی گەورەیە لە پاڵ خەباتی سیاسیدا. کوردستان پێشمەرگە و کەسی چاونەترسی زۆرە، ئەمڕۆ پێویستیمان بە کەسانی لێهاتوو و زانای بوارەکانی زانستە کە بتوانن پەرە بە بیر و میتۆدی مرۆڤ بدەن.

ئێمە دەزانین د. کۆچەر خۆی خۆی پێگەیاندووە و تەنیا بنەماڵەکەی پشتیوان و هاندەری بوون تا گەیشتە ئەوەی کە خەڵاتی ناوداری (فیلدز) لە بواری زانستی ماتماتیکدا بەدەست بهێنێت. ئەمە هەر بۆ خۆی وانەیەکی تری بۆ لاوان کە دەبێ زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن. بیانوو یان گلەیی، چارەسەری هیچ کەموکوڕییەک ناکات. تەمەن دەڕوا و میتۆدو دەڕوا و دەبێ سوود لە کات وەرگرین.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (30) زانکۆ هەیە کە (700) هەزار قوتابی و خوێندکار و (هەشت هەزار) دکتۆر و مامۆستا دەگرنە خۆیان. حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکی باری ئابووری، هەردەم ئەولەویەتی خۆی داوە بە پشتیوانی لە خوێندن.

بێگومان نالێین هیچ کەموکوڕییەک نەبووە و هەموو شتێک تەواوە و کێشە نییە، بەاڵم دەڵێین پێویستە قوتابیان و مامۆستایان لەم سەردەمە زێڕینەی میژووی کوردستاندا کات بە فیڕۆ نەدەن. دەبێ لە پێناوی فێربوواندا شەو و ڕۆژ بخەنە سەر یەک. دەبێ لەمەولا زانایەکی وەک د. کۆچەر بیرکار بکەن بە نموونەی باڵای خۆیان کە هەنگاوێکی مەزنی هەڵێنا و گەیشت بە لووتکەیەکی بەرز. هیوادارین و دڵنیاشین کە هەنگاوی تریش بەرەو پێشەوە دەڕوات.

دەبێ قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان بە سەربەرزییەوە ئەمڕۆ بچنە سەر گۆڕی شاعیرانی مەزنی وەک حەزرەتی خانی و مامۆستا قانیع و پیرەمێرد و بێکەس کە داوای فێربوونی زانستیان لێدەکردین. هەروەها بە سەربەرزییەوە بچینە بەردەم وێنەی سەرکردە مەزنەکانی وەک شێخ مەحمود و قازی محەمەد و بارزانی کە لەپێناو داهاتووی ئێمەدا هەموو قوربانییەکیان بەخشی.

ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو سەردەمەی تەنانەت کوردستان لەژێر دوو گەمارۆی ئابووریشدا بوو هەر ئەولەوییەتمان دابوو بە زانکۆ و پەیمانگاکان. لە سەردەمی پێش ئێمەدا گەیشتن بە زانکۆ بۆ زۆر کەس خەونێک بوو، لە سەردەمی حکوومەتی هەرێمدا هەموو ماڵێک پڕ بوو لە قوتابی و دەرچووی زانکۆ. بەاڵم ئەوەش بزانین لە خوێندندا ئاستی زانستی گرنگە. ئامانجی یەکەم و سەرەکیی قوتابیان و خوێندکاران دەبێ بەدەستهێنانی زانست و زانین بێت. دەبێ خۆدەوڵەمەندکردن و خۆپرچەککردن بێت بە زانست، نەک تەنیا دەرچوون لە زانکۆ و وەرگرتنی بڕوانامە.

لەم بۆنەیەدا داوا لە سەرۆکایەتیی زانکۆ حکوومی و ئەهلییەکان دەکەم کە پێویستە لەمبارەیەوە هەوڵی جددیتر بدەن. با هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەی دەمانەوە و دەکەوتنە لای میللەتانی تر. ئێستا کوردستان خاوەنی هەیە. ئێمە پێناسەمان هەیە و لە ڕیزی گەلانداین. بە دڵنیاییشەوە لە داهاتوودا دەبین بە خاوەنی پێناسەی گەورەتر. ئەم ئەرکە هەر سیاسەت نایکات و هەر پێشمەرگەش شانی ناداتە بەر. ئێوە لە زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکانی کوردستاندا گۆڕەپانی پێشبڕکێتی ژیار و شارستانییەتی سەردەم بەڕێوە دەبەن.

ئامادەبووانی بەڕێز،

لەبەر ئەم چەند سەرنجانە بوو حەزم کرد لەم بۆنەیەدا بەشدارێتان لەگەڵدا بکەم، وێڕای خۆشحاڵیم بە د. کۆچەر بیرکار کە تایبەت بۆ ئەو ئێمە ئەمڕۆ هەموومان لێرە کۆبوونەتەوە. پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم کە ڕۆڵەی وەک پرۆفیسۆر د. کۆچەر بیرکاری پێگەیاندووە. دڵنیام هەموو تاکێکی کوردستان شانازی بەم ڕۆڵە لێهاتووەی بواری زانستی ماتماتیکەوە دەکات.

پیرۆزباییی گەرمم بۆ د. کۆچەر خۆی هەیە بۆ هەموو دەستکەوتە زانستییەکانی ڕابردووی، هەروەها ئەو خەاڵتە بەرزانەی کە بەدەستی هێناون. بەڕێزیان بەو دەستکەوتە زانستیانەی بەدەستی هێناون، خزمەتێکی گەورەی بە گەل و وڵاتەکەی و جیهان کردووە.

هەر لێرەشدا دەمەوێ وتەیەکی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا جۆن کەنەدی بەبیر بهێنمەوە کە دەڵێ:

مەپرسە وڵاتەکەت دەتوانێ چیت بۆ بکات، بپرسە خۆت دەتوانی بۆ وڵاتەکەت چی بکەیت؟.

هیوادارم نموونەی د. کۆچەر زۆر بێت. پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەم کە ئەم شانازییە گەورەیەی بە دیاری داوە بە نیشتمان. پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم بە بۆنەی ئەم هەموو زانکۆ و ئەم ژمارە گەورانەی قوتابی و دکتۆر و مامۆستایان.

سوپاسی وەزارەتی پەروەردە و جەنابی وەزیر بەڕێز د. پشتیوان سادق دەکەم کە هەوڵەکانیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ساڵی 2022ەوە لە هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتی بۆ خوێندنی ماتماتیک و زانستەکان بەشدار بێت کە هەر چوار ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت و تیایدا ئاستی سیستمی پەروەردەیی دەردەکەوێت.

سااڵو و ڕێزم بۆ هەموو لایەک دووبارە دەکەمەوە. بەتایبەت سەرۆکایەتیی زانکۆکان و قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران. هەردەم لە بیرتان بێت کە ئێمە چاوەڕوانیمان لە ئێوە زۆرە.

وەک پێشتر گوتم، هیوادارم ئەم بۆنەیە و ساڵی تازە، دەسپێک بێت بۆ سەردەمێکی تازەی ژیانی گەلی کوردستان کە سەردەمی پێشبڕکێتی زانستە. لە بیرمان نەچێت کە داهاتووی ئێمە لە وەرگرتنی زانستدایە.

دیسان سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ بەشداریکردن لەم ڕێوڕەسمە، بەاڵم دەمەوێ قسەکانم بەوە کۆتایی پێبێنم کە بەیەکەوە لەگەڵ کاک قوباد باسی ڕێوڕەسمی ئەمڕۆمان دەکرد، لەگەڵ دەربڕینی سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ زانکۆی سەڵاحەدین کە کارێکی زۆر باشیان کردووە، هەردووکمان پێشنیاری ئەوەمان هەیە بیر لەوە بکرێتەوە لە یەکێک لە زانکۆکانی سەڵاحەدین، سلێمانی یان دهۆک یان لە هەر شوێنێک، هۆڵێکی تایبەت بە ناوی پرۆفیسۆر د. کۆچەر بیرکارەوە بکرێت و ئەمە زۆر باش دەبێت.

هیوادارم نموونەی زۆر بێت و تەمەندرێژ و سەرکەوتوو بێت.
زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

شاندێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی سەردانی مەزارێ نەمرانیان لە بارزان کرد

نوێنەری وڵاتان تاجەگوڵینەیان لەسەر گلکۆی مەزاری نەمران دانا



دوێنێ چوارشەمە 2019/3/27 شاندێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش، بە یاوەریی سیروان بارزانی، فەرماندەی میحوەری گوێپ-مەخموری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. بەپێی زانیارییەکان، شاندەکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پێکهاتبوو لە نوێنەرانی وڵاتانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هەنگاریا، فینلەندا و ئیتاڵیا و یەک بە یەکی نوێنەری وڵاتان تاجەگوڵینەیان لەسەر گلکۆی مەزاری نەمران دانا.

لە ڕێوڕەسمەکەدا فەرماندەیەکی پێشمەرگە، وەک نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە وێڕای بەخێرهاتنی نوێنەری شاندی هاوپەیمانان کرد و گوتی: خۆمان بە بەختەوەر دەزانین لەگەڵ نوێنەری وڵاتان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی سەردانی مەزاری نەمران بکەین و وەک وەفایەک بۆ گیانی پاکی بارزانیی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندوو، هاوکات وەک وەفایەک بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، لێرە کۆ بوونەتەوە و ڕێز لە خەباتی سەرجەم شەهیدان و بەتاتیبەت بارزانی بگرین کە هەموو تەمەن و ژیانی خۆی لەپێناو نەتەوەکەی بەخت کرد. گوتیشی: بەناوی وەزارەتی پێشمەرگە و گەلی کوردستانەوە سوپاسی هێزی هاوپەیمانان دەکەین بۆ پاڵپشتییان لە وەزارەتی پێشمەرگە و بۆ گەلی کورد و بەختەوەرانە زۆربەیان بەڵێنییان داوە لە پاڵپشتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەڕووی لۆجستی، مەشق و ڕاهێنان و پرۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازی بەردەوام بن.

پاشان عەقید ڤێندیڵ بەناوی شاندی هێزی هاوپەیمانانەوە لە وتەیەکدا گوتی: سوپاس و دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە خەباتیان کردووە و توانیویانە بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن و سەری ڕێز بۆ خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە نەتەنیا بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق و جیهان سەلماندیان دەتوانن بەسەر داعش و دوژمناندا سەربکەون.

ئۆپزسیون بوون د کوردستانێ ب شێوەیەکێ گشتی نەیا سروشتی یە

تەیار سەلیم گەرمافی:

پارتی ب قانونەن دشێت حکومەتێ پێک بینیت ب دەنگدانێ دا د پەرلەمانی دا



خەبات- ئالان شەهاب:

تەیار سەلیم گەرمافی، بەرپرسێ نقیسینگەها ڕێکخستنێ یا لقا 20ێ شێخان یا پارتی دیموکراتی کوردستان بو ڕۆژنامە خەبات دیار کر : کۆ بو پارتی دیموکراتی کوردستان پێنگاڤەک گەلەک یا گرنگە بو پێک ئینانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کو هەموو کوردستانێ بگریت ب ئێک ئیدارە کوردستانێ هەبیت هەرچەندەگەلەک ئاستەنگ و گرفت کەفتینە د ڕێ دا ژلایێ وان هەڤرکییێن سیاسی ڤە یێن کوردستانێ گەلەک دەستێن دەرەکی و نافخو دناڤ هەبوون کو ئەڤ حکومەتە نەهێتە پێک ئینان بهێت گیرو کرن هەر ئێک ژوانا ئەجندایێن خو هەبوون ل کوردستانێ دا پارتی یا ڕژدە ل سەر هندێ کۆ کوردستان بتنێ لایەنەک دناڤ حکومەتێ دا بیت ژبەرکو بو پارتی خەتێ سورە کو شێوازێ دوو ئیدارە د کوردستانێ دا بهێت پێک ئینان دیسان ئەو هەلبژارتنێن پەرلەمانێ کوردستانێ ڤێ دوماهیێ هاتین ئەنجام دان ئەو کورسێن پارتی ب دەنگێن لایەنگرێن خو دەست ڤە ئینایین پارتی دشێت دگەل هەڤپەیمانێن خو حکومەتێ پێک بینیت بەس بو هندێ کو چ دەستەییێن دەرەکی نەمینتە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا کارتێکرنا خو ل سەر کوردستانێ نەکەت و ئەو داهاتییێ بو کوردستانێ بهێت د ئێک صندوق دا کوم بیت بو خزمەتا خەلکێ کوردستانێ بهێت مەزاختن هێزێن چەکدارو و یێن ئەمنی بییتە ئێک سیستەم لبن ئالایەکی دا کاربکەن بو هندێ کو ئەو دەستێ دەرەکی بچیتە دەرڤەی کوردستانێ ئەو سەدەم گەلەک د گرنگن بو پارتی بو بەرەڤ پێک ئینانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بهێت پێک ئینان تایبەت ئێکەتی نیشتیمانی بەشدار بیت د حکومەتێ دا . بەرپرسێ نقیسینگەها ڕێکخستنێ یا لقا 20 شێخان یا پارتی دیموکراتی کوردستان گوت: بەڵێ پارتی ژی مەرجێن خو هەنە بو هەر لایەنەکێ دهێت ناڤ حکومەتێ د اکو چاوا ببیت هەڤپشک د حکومەتێ دا وەسازی خو بکەتە خودان ژ کێماسێن حکومەتێ ژی دا پارتی ژی فەرزکریە کو هەر لایەنەکێ بەشداری حکومەتێ دا بیت وێ مالیەتا خو و لەشکەرێ خو ب ئێخیتە لبن سیبەرا ئالایێ حکومەتێ کو کوردستان ئێک ئیدارە بیت، حەتا نها بو نێزیک بوونا حکومەتا نوی گەلەک نێزیک بوینە قوناغبێن سەخت یێن هاتین برین دناڤبەرا پارتی و ئێکەتی ژبەرکو ئەو ڕێکەفتنا هاتی ئیمزاکرن د گەلەک شێوازو خالا پێک هاتینە دیارە برادەرێن ئێکەتی زانن کۆ پارتی یا ڕژدە ل سەر وێ چەندێ کۆ ئیدارا کوردستانێ ئێک بیت ئێکەتی ژی بەشدار بیت ژبەر وێ چەندێ ئەوژی ژبەر هندەک مەرجا ئێک ژ سەدەمێن سەرەکی یێن وانا دناڤ پارتا خودا ئێک نینن ئەو ژمارەکا گروپانە وەختێ شاندێ وان دگەل پارتی کومبن دگەهنە ئێک بریار زڤرنە ڤە ئەو بریار دبنە جهێ دانوستاندنێ دناڤبەرا وان گروپا جارەک دی وان بریارێن خو ژئێک ڤە دبن پارتی حەتا دوماهیێ دێ چیتە دگەل وانا ژبەرکو بو پارتی گرنگە بەلێ گرنگ ئەو نینە کو تەنازلێ ژ کورسی و بریارێن خو بکەت.

تەیار سەلیم گەرمافی ل دوماهیدا دبێژیت: پارتی ب قانونەن دشێت حکومەتێ پێک بینیت ب دەنگدانێ دا د پەرلەمانی دا وان پارتا بینیت حکومەتێ پێک بینیت لدوڤ وان ژمارا کورسیا دشێت حکومەتێ پێک بینیت بەس بو وێ چەندێ پارتی هەموو پێنگاڤا هاڤێت بو بەرژەوەندیا گشتی یا کوردستانێ بۆ پرۆژێ سەربخو بونا کوردستانێ ئەوی پرۆژەی دێ هاژوت پارتی بو خەم نینە کورسیەکا وان دەست بچیت بو خاترا بەرژەوەندیا گشتی یا هەرێما کوردستانێ ، ناڤهاتی لدور وان لایەنێن ئۆپزسیون گوت: ئۆپزسیون بوون د کوردستانێ ب شێوەیەکێ گشتی نەیا سروشتی یە ڕاستە ئۆپزسیون بون د هەمو دونیایێ دا زاهرێن تەندروستی نە دهێنە پەیداکرن بو هندێ کو ئۆپزسیون هەبیت د داخلی پەرلەمانی د اکو بەردەوام خەلەتییێن حکومەتێ بەرچاڤ بکەت ببیتە فاکتەرەک بو پارتا دەستهەلاتدار کو بەردەوام ئەو پارت خەلەتیا نەکەت ل خو هشیاربیت بەلێ جهێ داخێ یە تایبەت ل

ئامەد... نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە

بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشووی شارەوانییەکان ڕێژەی دەنگدەر زیادی کردووە



لە ئامەد یەک ملیۆن و 48 هەزار و 250 دەنگدەر لە 31ی ئاداردا، دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدا، بەپێی زانیارییەکانی دەزگای باڵای هەڵبژاردن، یەک ملیۆن و 48 هەزار و 250 دەنگدەر لە ئامەدی باکووری کوردستان ناویان تۆمارکراوە و بەراورد بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە 2014دا، 124 هەزار و706 دەنگدەر زیادی کردووە. ژمارەی سندوقەکانی دەنگدان لەچاو هەڵبژاردنی پێشوودا زیاد کراوە. لەکاتێکدا لە 2014دا، تەنها سێ هەزار و 495 سندوق جێگیر کرابوو، لەم هەڵبژاردنەدا، سێ هەزار و 636 سندوق جێگیرکراوە. لە شارۆچکەی باغلار سەر بە ئامەد زۆرترین دەنگدەر و سندوقی دەنگدان بوونی هەیە و بۆ 234هەزار و 31 دەنگدەر، 715 سندوق جێگیرکراوە لە شارۆچکەکەدا. دوای شارۆچکەی باغلار، شارۆچکەی کایاپنار دێت کە بۆ 220 هەزار و 725 دەنگدەر، 667 سندوق جێگیر کراوە و لە ریزبەندی سێیەمدا شارۆچکەی یەنیشەهر دێت کە بۆ 126هەزار و 265 دەنگدەر، 395 سندوق جێگیرکراوە.

بەگوێرەی گۆڤارێکی ئەمەریکی هێشتا ئیمپراتۆریەتە داراییەکەی داعش تێکنەشکاوە

لە بەیرووت نووسینگەی تایبەتی حەوالەکردنی پارە هەیە و بەبێ هیچ فیلتەرێک پارە حەوالە دەکرێت



بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری "ذی ئەتلانتیک"ی ئەمەریکی، دوای تێکشکاندنی داعش لە دواین پێگەی خۆیدا لە باغۆزی سووریا لەلایەن هەسەدەوە، بەڵام هێشتا ڕێکخراوەکە "ئیمپراتۆرییە داراییەکە"ی ماوە.

ئەو گۆڤارە ئەمەریکییە لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات، لە بەیروووتەوە، نووسینگەی تایبەتی حەوالەکردنی پارە هەیە، کە بەبێ هیچ فیلتەرێک پارە حەوالە دەکرێت، ناشەرعی و نایاسایی بن، هەندێک لەوان کرێکاری سوورین و لە دەرەوە پارە بۆ ئەوێ دەنێرن کە نزیکە لە سووریا و دەتواندرێت لەوێ بە ئاسانی پارەکانییان بنێرنەوە مالەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، بە گوێرەی شارەزایان، ڕێکخراوەکە خاوەن سەدان ملیۆن دۆلارە و هەبوونی ئەو هەموو سامانەش، مەترسییەکانی ڕێکخراوەکە زیاتر دەکات، ئەگەرچی ئێستا هیچ پێگەیەکیان نییە. بوونی ئەو پارانەی لەوێوە حەوالە دەکرێن، ڕێکخراوەکە خاوەن پێگە دارایی بەهێزە، دەرچەیەکی فراوانتر بەڕووی ڕێکخراوەکەدا دەکاتەوە، کە ئێستا ئەمەریکا لە هەوڵدایە گرووپەکە لە ڕووی داراییەوە لاواز بکات.

کۆتاییهاتنی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی و ڕووخاندنی خەلافەتی داعش، بووەتە شمشێرێکی دوولا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی هەوڵی قەتیسکردن و گوشارخستنەسەر ڕێکخراوەکەیان هەیە. لەلایەک ڕووخانی دراماتیکی ڕێکخراوەکە و تێکشکانی، وایکردووە چیدیکە نەتوانێت باج و سەرانە لە خەڵکە ژێردەستەکەی وەربگرێت، بە هەمان شێوە ناتوانێت کۆنترۆڵی بیرە نەوتەکان بکات و داهاتەکەی بۆ خۆی ببات.

لە لایەکی دیکەشەوە، لەدەستدانی ئەو خاکەی لەژێردەستی ڕێکخراوەکە، خەرجییەکی زۆری بۆ داعش گەڕاندووەتەوە کە بۆ دامەزراندنی ئەو خەلافەتە خەرجی دەکات ، لە بری ئەوە، ئەو داهاتەی خۆی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی تەرخان دەکات . بەرپرسێکی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاش، کە نەیویستووە ناسنامەکەی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاندووە، جموجۆڵی ئێستای گرووپەکە، هاوشێوەی جموجۆڵی قاعیدەیە لە عێراق و چیدیکە پێویستی بەو سەرچاوانەی داهات نییە کە پێشتر پشتی بەستوون. ئێستاش داعش لە ڕێگەی جیاوازترەوە دەیەوێت داهات پەیدا بکات، پێشتریش لە هەولێر و بەغداش، چەند کەسێک بە تۆمەتی کارکردن و بازرگانیکردن لەگەڵ داعش دەستگیرکراون.

پارێزگاری لەکارلادراوی مووسڵ دەستگیردەکرێت

لەسەر داوای سەرۆکوەزیرانی عێراق دەستەی دادوەریی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ نەوفل عاگوب دەرکرد



بەهۆی ڕووداوەکەی مووسڵ کە زیاتر لە 120 کەس لە هاوواڵتیان و گەشتیارانی شارەکە لەنێو بەلەمێکدا نقوومبوون و خنکان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر داوای عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بڕیاری دوورخستنەوەی پارێزگاری مووسڵ و جێگرەکانی دەرکرد. هاوکات دوێنێ دەستەی دادوەری عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ نەوفل عاگوب، پارێزگاری لەکارلادراوی مووسڵ دەرکرد. هەر دوێنێش دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕوونکردنەوەی داوە لەبارەی دەرکردنی فەرمانەکە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە: دەستەی دادوەریی نەینەوا بە تۆمەتی گەندەڵی، بەهەدەردانی دارایی و بەکارهێنانی پۆستەکەی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ پارێزگاری لەکارلادراو، نەوفەل حەمادی عاگوب دەرکردووە و گەشتکردنشی لێ قەدەغەکردووە. دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا ڕاشیگەیاندووە کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەریەک لە یاریدەدەری پارێزگار بۆ کاروباری کارگێڕی، عەبدولکەریم جبووری و بەڕێوەبەری بەشی گرێبەستەکان، واجیدە تائی لەگەڵ فەرمانبەر لە دیوانی پارێزگا، مونا عەبدولمەجید جێبەجێشی دەرکردووە. لای خۆیەوە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پارێزگای نەینەوا، ئەحمەد عەبدوڵڵا جبووری لە توێتێکدا هەواڵەکەی پشتڕاستکردووەتەوە و نووسیویەتی: فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پارێزگاری لادراو، نەوفەل حەمادی عاگوب و چوار فەرمانبەری دیوانی پارێزگا لە لایەن دەستەی دادوەریی نەینەوا دەرکراوە.

ئیسرائیل هەرگیز دەستبەردار بەرزاییەکانی جۆلان نابێت

ناتانیاهۆ: بەرزاییەکانی جۆلان بەشێکی ئیسرائیلە و بۆ ئاسایش و مێژووەکەمان شوێنێکی دانەبڕاوە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ ڕایگەیاند کە ئەوان هەرگیز دەستبەردار بەرزاییەکانی جۆلان نابن. لە میانی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی سالانەی لیژنەی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ئەمەریکا ئیسرائیل کە کاریگەرترین لۆبی ئەمەریکی لایەنگری ئیسرائیلە، لە ڕێی تەلەکۆنفرانسەوە، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە سەبارەت بە ڕۆژەڤی ئێستای ناوچەکە. سەرەتا ناتانیاهۆ باسی لە هێرشەکانی ڕۆژی ڕابردووی سەر کەرتی غەززەی کرد و گوتی: زۆر بەهێزەوە وەڵامان دایەوە. ئامادەین کە زیاتریش بکەین. چی پێویست بێت بۆ پاراستنی دەوڵەت و خەڵکەکەمان کردووەمانە و دەیکەین.لە بەشێکی تری گوتەکانیدا ناتانیاهۆ بەهۆی ناساندنی بەرزاییەکانی جۆلان وەک سەروەریی ئیسرائیل لە لایەن ئەمەریکاوە، سوپاسی دۆناڵد ترەمپی کرد و گوتی: جارێکیتر سەرۆک ترەمپ مێژووی بۆ خۆی نووسیەوە. چەپڵەیەکی گەورەی پێ ڕەوایە. ناتانیاهۆ باسی لە گرنگی بەرزاییەکانی جۆلان کرد و گوتی: بەرزاییەکانی جۆلان بەشێکی ئیسرائیلە و بۆ ئاسایش و مێژووەکەمان شوێنێکی دانەبڕاوە.

یەکێتیی ئەورووپا: هەڵوێستمان لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە نەگۆڕاوە




نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، فێدێریکا مۆگێرینی ڕایگەیاند، دان نانێن بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا کە ئەمەریکا وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل ناساندوویەتی. دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ناساندنی بەرزاییەکانی جۆلانی وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل واژووکرد، مۆگێرینی بەناوی 28 ئەندامی یەکێتیی ئەورووپاوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە لە دەقەکەیدا هاتووە، یەکێتیی ئەورووپا هەڵوێستی لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە نەگۆڕاوە . فێدێریکا مۆگێرینی لە ڕاگەیەنراوەکەدا جەختیکردووەتەوە، لەسەر بنەمای بڕیارەکانی ژمارە 242 و 497ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دان نانێن بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان.

بەغدا تا کۆتایی ئەم مانگە کات بە پەکەکە دەدات بۆ کشانەوە لە شنگال

قادر قاچاغ: مانەوە یان کشانەوەی پەکەکە لە شنگال یەکلا نەکرێتەوە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد کە زانیارییان هەیە، حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی هێزە ئەمنییەکانەوە تەنیا تا کۆتایی ئەم مانگە مۆڵەتی بە مانەوەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە شنگال داوە.

قادر قاچاغ، بەرپرسی لقی 17ی شنگالی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، پێشتر حکوومەتی عێراق تەنیا 72 کاتژمێر مۆڵەتی بە پەکەکە دابوو، بەڵام زانیاریمان هەیە کە ئێستا مۆڵەتەکە تا کۆتایی ئەم مانگە درێژکراوەتەوە. تەئکیدیشی کردەوە کە ئەگەر بابەتی مانەوە یان کشانەوەی پەکەکە لە شنگال یەکلا نەکرێتەوە، ئەوا دوور نییە دۆخەکە ئاڵۆزتر ببێت، بەتایبەتیش کە بەغدا لە مۆڵەتەکەیدا ئاماژەی داوە کە ئەگەر بمێننەوە، خۆیان بەرپرسیار دەبن. دووپاتیشی کردەوە کە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات، ڕەوشی شنگال هیچ کات چاک نابێت، لە کاتێکدا پێویستە ئارامی بۆ شارەکە بگەڕێتەوە.



فڕۆکەکانی تورکیا ژمارەیەک سەرکردەی پەکەکە دەکەنە ئامانج

ڕەزا ئاڵتوون و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی پەکەکە بریندارببوون

بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵوی تورکی لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی دەزگای هەواڵگریی تورکیا و سوپای تورکیا لە قەندیل، ڕەزا ئاڵتون سەرکردەی باڵای پەکەکە و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەش کراونەتە ئامانج، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەشدا، ڕەزا ئاڵتون بە سەختی بریندارببوو و ژمارەیەکی دیکەی سەرکردەی باڵای پەکەکە کە هەریەک لە میکایل ئۆزدەمیر، ئەمرووڵا دورسون و عەلی ئاکتاشیان لە نێودایە لە چالاکی خراون. ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکەی میت و سوپای تورکیا، ڕۆژی پێنجشەممە 21ی ئادار ئەنجامدراوە و بەهۆیەوە ڕەزا ئاڵتون کە یەکێکە لە نزیکترین پیاوەکانی جەمیل بایک، لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەدا لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکەدا بۆ سەر قەندیل کراونەتە ئامانج و لە چالاکی خراون، هەروەها لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی باڵای پەکەکە کە هەریەک لە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، میکایل ئۆزدەمیر، هەروەها ئەمرووڵا دورسون، عەلی ئاکتاش، بریندارببوونە.

نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری هەڵگیرسانی جەنگ لە غەززە دەدات

نیکۆلای ملادینۆف: ڕووداوەکانی ئەم دوو ڕۆژە نیشانی دەدات کە چەندە نزیکین لە شەڕ



ڕێکخەری تایبەتی پڕۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نەتەوەیەکگرتووەکان نیکۆلای ملادینۆف ڕایگەیاند: ئەگەری هەیە جارێکیتر ڕووبەڕووی گرژیەکی مەترسیدار ببینەوە کە ئەنجامەکەی کارەسات دەبێت لە غەززە. ڕووداوەکانی ئەم دوو ڕۆژەش نیشانی دەدات کە چەندە نزیکین لە شەڕ. ملادینۆف لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان گوتارێکی پێشکەشکرد و ئاماژەی بە گرژییەکانی کەرتی غەززە دا و دووپاتی کردووە کە پێکدادانێکی نوێ لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێک نییە و ئەنجامی وێرانکەری دەبێت بۆ فەلەستین و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. ملادینۆف داوای کرد لە هەردوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی کە هێمنی بپارێزن و گوتی: ئەگەری هەیە جارێکیتر ڕووبەڕووی گرژیەکی مەترسیدار ببینەوە کە ئەنجامەکەی کارەسات دەبێت لە غەززە. ڕووداوەکانی ئەم دوو ڕۆژە نیشانی دەدات کە چەندە نزیکین لە شەڕ.

دەستەی دەسپاکی و وەزارەتی پەروەردە هەڵمەتی نەوەی دەسپاکیان ڕاگەیاند



دوێنێ دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتی نەوەی دەسپاکیان ڕاگەیاند.

لە مەراسیمەکەدا بە ئامادەبوونی دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە، دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: قوتابیان و نەوەی نوێ ئایندەی هەرێمی کوردستانن، بۆیە لێرە پێویستە کار لەسەر ئەو نەوەیە بکەین، چونکە ئەوان باشتر و زیاتر وەردەگرن بۆ ئەوەی کەسێکی دەسپاکیان لێ دەربچێت، بۆیە لای ئێمە گرنگە بەر لە هەر گەندەڵییەک و دەستدرێژییەک لەسەر ماف و مووڵکی گشتی، کار لەسەر دزێوەکان مامەڵە بکات. پاشان وەزیری پەروەردەو سەرۆکی دەستەی دەسپاکی، ڕێز و سوپاسیان بەخشییە ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕاهێنانی 120 مامۆستا و ئامادکردنی نامیلکەی نەوەی دەسپاک بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن بدرێتە قوتابی و خوێندکاران.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر/ کۆیە کە دوێنێ بڵاوێکردووەتەوە ئاشکرای کردووە لە ماوەی 27 ڕۆژی ڕابردوودا لە سنووری

دەست بە دروستکردنی ڕێگای هەولێر بۆ دهۆک دەکرێ



بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی هەولێر دەڵێ، لە چەند ڕۆژی داهاتوو دەست بە دروستکردنی ڕێگای هەولێر بۆ دهۆک دەکرێت و بڕیارە هەفتەی داهاتووش ڕێگای هەولێر بۆ خەبات نۆژەن بکرێتەوە.

هونەر نووری، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دروستکردنی ڕێگای هەولێر بۆ دهۆک دوو بەشە، بەشێکی لە ڕێگەی پارێزگای هەولێر دروست دەکرێت، کە لە هەولێر تا سەر پردی کۆپاڵ دەڕوات و بەشەکەی دیکە لە پردی کۆپاڵەوە تا دهۆک لە لایەن پارێزگای دهۆکەوە دروست دەکرێت و ئەوەی هەولێر گرووپی کۆمپانیاکانی هێمن کارەکەی دەکەن و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی دەکرێت و لە سنووری دهۆکیش بە هەمان شێوە دەست پێ دەکرێت.

هونەر نووری گوتیشی: بڕیارە ئەو ڕێگایە بە شێوەیەکی زۆر باش دروست بکرێت و لە ماوەی دوو تا سێ ساڵیشدا ڕێگاکە تەواو بکرێت.

نووری باسی لەوەش کرد: بڕیارە هەفتەی داهاتووش دەست بە نۆژەنکردنی ڕێگای هەولێر بۆ خەبات بکرێت، چونکە ڕێگاکە تێک چووە و ئەم هەفتەیەش بەهۆی ناجێگیری کەشوهەواوە نۆژەن نەکرایەوە.

کۆیە... لە ماوەی 27 ڕۆژدا 18 تۆمەتباری مادەی هۆشبەر دەستگیرکراون



کۆیە 18 تۆمەتباری مادە هۆشبەرەکان دەستگیر کراون و هاوکات دەست بەسەر چەندین ئۆتۆمبێلی دزراویشدا گیراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێردا هاتووە، ئەو چالاکییانە لە ڕێکەوتی 2019/3/1وە هەتا دوێنێ 2019/3/27 ئەنجام دراون کە تێیدا دەستگیراوە بەسەر ئۆتۆمبێلێک لە جۆری هۆندای تۆکسۆن کە لە شاری هەولێر دزرابوو و دوای دوو کاتژمێر لە دزینی لە بزگەی تۆپزاوای کۆیە دەستی بەسەردا گیراوە.

هاوکات لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە جۆری تیۆتا پیک ئاپ دەبڵ ئەکسڵ، قەمەرە / مەرزیە کەلە هەولێر دزرابوو لەناو شاری کۆیە دەستی بەسەردا گیراوە و تۆمەتبارەکانیش مادەی هۆشبەریان بەکار هێناوە.

هاوکات لەو ماوەیەدا18 تۆمەتبار دەستگیر کراون کە سەرجەمیان لە ڕەگەزی نێرن و بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی کۆیە ڕاگیراون و و بەپێی مادەی 14ی ماددە هۆشبەرەکان لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە چەند مادەی هۆشبەر لە جۆری حەشیش، کریستاڵ، هیرۆئین و حەبی ترامادۆڵ بەو تۆمەتبارانەوە گیراوە و هاوکات چەند ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر و چەند جۆر چەک کە تۆمەتەبارەکان بەکاریان هێناوە، دەستیان بەسەدا گیراوە.

پۆلیسی گەرمیان ژمارەیەک ئاژەڵی نەخۆشی لەناوبرد



خەبات- سەبریە یوسف: پۆلیسی گەرمیان، ژمارەیەک ئاژەڵی نەخۆشی لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان لەناوبرد.

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە، ڕایگەیاندووە: دوێنێ لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی کەلار و پاش دروستکردنی لێژنەیەک لە پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان و پزیشکی ڤێتێرنەریی گەرمیان، لێژنەکە هەستان بە لەناوبردنی ئەو ئاژەڵانەی لە ماوەی ڕابردووەدا بەهۆی نەخۆشییەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو کە ژمارەیان6 سەر ئاژەڵ بووە. ئەوەش خراوەتە ڕوو، پێشتر چەند کەسێک بەتۆمەتی ساغکردنەوەی ئاژەڵی نەخۆش گیراون.

هەولێر... کەسێک بە دەمانچەی کارمەندێکی پۆلیس کوژرا

خەبات/ فاتیح بەرزنجی: لە هەولێر کەسێک بە دەمانچەی کارمەندێکی پۆلیس کوژرا و دوای ڕووداوێکی کوشتن، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کەوا کەسێک لە ناوچەی پیشەسازی باشوور بە ناوی وەستا سەمیر مزەفەر عەلی، لەدایکبووی 1979 گیانی لەدەست داوە.

هەولێر ئاشکرای کرد: ڕۆژی 2019/03/27 هێزەکانی پۆلیس ئاگادار کرانەوە بە بوونی ڕووداوێکی کوشتن، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کەوا کەسێک لە ناوچەی پیشەسازی باشوور بە ناوی وەستا سەمیر مزەفەر عەلی، لەدایکبووی 1979 گیانی لەدەست داوە.

پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەشکردووە: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتوە کە کارمەندێکی پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە بووە و تاوانی گیان لەدەستدانەکەش بە دەمانچەی پۆلیسەکە ئەنجامدراوە. پۆلیسەکەش خۆی ڕادەستی پۆلیسی هەولێر کردووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو: تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادی کرا. ئێستاش پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ ئەو کەسە بە دەمانچەی پۆلیسەکە خۆی کوشتوە یان ئەوەتا پۆلیسەکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی تاوانەکە. لە نزیکترین کاتدا، پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە دەخرێتە بەردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکەش بۆ ڕای گشتی بڵاودەکەینەوە.

قایمقامی ڕاپەڕین: ترسمان لە پایەکانی پردەکە هەیە و پردێکی دیکە دروست دەکەین



بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاوی زێی بچووک و نزیکبوونەوەی ئاوەکە لە پردی دەربەندی ڕانیە، قایمقامی قەزای ڕانیە ڕێنمایی دەرکردووە و ڕایدەگەیەنێت، ڕێگا نادرێت ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و باری قورس بەسەر پردەکەدا بڕوات. بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاو لە دەربەندی ڕانیە و کشانی یەکێک لە پایەکانی پردەکە، ئیدارەی ڕاپەڕین ڕێنمایی دەداتە هاوواڵتیان و بۆ ئەو مەبەستەش ئیدارەی ڕاپەڕین لە هەوڵی نوێکردنەوەی پردەکە و دروستکردنی پردێکی نوێترە لەوەی ئێستا.



حوسێن مەحموود، قایمقامی قەزای ڕانیە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوێنێ وەکو قایمقامیەتی قەزای ڕانیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیارمان داوە پردەکە نۆژەن بکەینەوە و لە هەمان کاتدا پردێکی تر دروست دەکەین. وەک خۆشی ئاماژەی پێ دا، ئەو پڕۆژەیەش لە مانگی حەوت دەستبەکار دەبێت. هەروەها دەشڵێ، دروستکردنی ئەو پردە بە کۆنکرێت دەبێت، کە پێشتر بە پلێت دروست کرابوو.

قایمقامی قەزای ڕانیە، ئەوەشی خستە ڕوو، ئەو پردە فشارێکی زۆری لەسەرە، هەر بۆیە لە ئەمڕۆوە ڕێگە نادەین نۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەسەریدا بڕوات، داواش لە هاوواڵتیان دەکات، نزیکی ئەو شوێنانە نەبنەوە کە ئاستی ئاوەکە بەرز بووبێتەوە ?ناوبراو دەشڵێ، چەندین ڕێوشوێنی تریان گرتووەتە بەر، بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروست نەبێ، هەروەها ڕێنماییان دەرکردووە کە باری قورسیش نابێت بەسەریدا بڕوات.

بەڕێوەبەری چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانی ئیدارەی ڕاپەڕین ئەوەشی خستەڕوو لە ڕژانی پشووەکانیش بەتایبەت لەم وەرزی بەهار و گەشتکردنە چاوەڕێری هاتووچۆی نۆتۆمبێلی بچووکیش دەکەن لەسەر پردەکە، بەوەی ناهێڵن فشاری زۆری هاتووچۆی لەسەری دروست بێتو گوتی چیدی نابێت بە دریژیی پردەکە نۆتۆمبێل بە هەردوو سایدەکەدا بووەستێت، چونکە پردەکە کۆن بووە بەرگەی ئەو فشارە زۆرە ناگرێت.

بە هۆی بارانبارین و گلدانەوەی ئاوی بەنداوەکان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاستی ئاوی زێتر پردەکە زۆر بەرز بووەتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە لایەکی پردەکە داڕووخانێکی کەم ڕوو بدات.

حوسێن مەحموود باسی لەوەش کرد، لە سبەینێتیوە ئەو بەشەی ڕووخاوە چاک دەکرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ، ترسیان لە پایەکانی پردەکە و ئاسنەکانی هەیە، ئەمەش بۆ زۆربوونی ڕێژەی ئاوەکە دەگەڕێنێتەوە،هەروەها قایمقام ڕاشیدەگەنێت، کە ئاستی ئاوەکە لەم ڕێژەیەئێستا زیاتر بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بە هۆی بەردانەوەی ئاو لە سنوورەکانی ئێران.

پردی دەربەندی ڕانیە، کە لە ساڵی 2004 دروست کراوە، درێژییەکەی 210 مەترە و بەرگەی فشاری 30 تۆن دەگرێت.

لە سەرەتای مانگی دابێ 10ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت



سەت ملیۆنەش بۆ بەڵێندەران خەرج بکرێت.

ئازاد حەسەن ڕەزا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بەڵێندەرانی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایییەوە بێئومێد ببوون، چونکە نە پارە خەرج دەکرا و نە پرۆژە بۆ جێبەجێکردن هەبوون، ئێستا بەڵێندەران دڵیان بەقەد ساڵانی پێش قەیرانی دارایی خۆشە، چونکە ئومێدێکی زۆر هەیە، هەم قەیران نەمێنێ و هەمیش کار دەست پێ بکاتەوە.

جێگری سەرۆکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان ئاشکرای کرد، لە سەرەتای مانگی دابێ دوو جور پارەی دیکە بۆ تۆپژی بەڵێندەران خەرج دەکرێت و دەشڵێ، بڕیارە 10 ملیۆن دۆلاری پترۆ دۆلار لە حەفتەی ئایندەدا خەرج بکرێت.

ئازاد حەسەن ڕەزا، جێگری سەرۆکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت: بڕیارە لە سەرەتای مانگی نیسان حکوومەتی هەرێمی کوردستان دۆلاری بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت و دەشڵێ، بڕیارە 10 ملیۆن دۆلاری پترۆ دۆلار لە حەفتەی ئایندەدا خەرج بکرێت.

ئازاد حەسەن ڕەزا، جێگری سەرۆکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان دەڵێت: بڕیارە لە سەرەتای مانگی نیسان حکوومەتی هەرێمی کوردستان دۆلاری بۆ بەڵێندەران خەرج کردبوو، بەڵام پارەی پێشوو هەمووی تەواو نەبووە و بەشێک لە بەڵێندەران لە کاتی قەیراندا چەکەکانیان فرۆشتووە، نازانین چەندی لەو پارەیە ماوە، بەڵام بڕیارە گوژمەیەکی دیکە جگە لەو دۆلارە و ئێمە چاوەڕێین10 ملیۆن دۆلارێک لە پارەی پترۆدۆلار لە دوای 1ی نیسان بۆ بەڵێندەران خەرج بکرێت.

جێگری سەرۆکی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان ئاشکرای کرد، لە سەرەتای مانگی دابێ دوو جور پارەی دیکە بۆ تۆپژی بەڵێندەران خەرج دەکرێت و دەشڵێ، بڕیارە 10 ملیۆن دۆلاری پترۆ دۆلار لە حەفتەی ئایندەدا خەرج بکرێت.

ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ: بۆ دامەزراندنی پۆلیس چاوەڕێی وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانین



لیوا بەختیار بابان، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، سەرجەم بەشەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە هێزەکانی ناوخۆ، پۆلیسی فریاکەوتن، بەرگریی شارستانی، پاسەوانی سەرسنوور و هاتوچۆ پێویستییان بە پۆلیس هەیە.

بەهۆی ئەوەی لە ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی لەشوێنداناان وەستابوو، ئەو پۆلیسەی وازی دەهێنا، یاخود ڕووی لە دەرەوەی وڵات دەکرد، شوێنیان پڕ نەدەکرایەوە، ئێستا درک بەو بۆشاییە دەکرێت، بۆیە بەنیازی کردنەوەی دامەزراندنی هێزەکانی ناوخۆن. لیوا بەختیار ئاماژەی بەوە کرد، بە نووسراوی فەرمیی وەزارەتی ناوخۆ داوکارییان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ کردنەوەی دەرگای دامەزراندن بۆ هێزەکانی ناوخۆ، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی داواکارییەکەیان بداتەوە، بوودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات و دواتر دەست بە دابەشکردنی فۆرم دەکەن. لیوا بەختیار باسی لەوە کرد: دامەزراندنەکە بەپێی سەنگ و خولەکە لەسەر داهاتی ڕێکخراوی HIA نێودەوڵەتی هەنگاریا لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجام درا، ئەم خولەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنانی هەولێر بەڕێوە دەبرێت. شایەنی باسە وەزیری پەروەردە، ڕۆڵی گرنگی خول پێویستیی هێزەکانی ناوخۆ دەبێت و، ڕێنماییی تایبەتیان دەست نیشان کردووە و کاتی پرۆسەکە وردەکاریی تەواو ڕادەگەیەنن، مەرجە بڕوانامەی داواکار لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کەمتر نەبێت و کەسێتیشی پاک بێت. لیوا بەختیار ڕوونی کردەوە: ئەو 100 پۆلیسەی لە ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین لە نووسینگەی ڕەگەزنامە دامەزراون، پەیوەندیی بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم نییە و لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی عێراقە و لەسەر بنچینەی پێویستیی هەنووکەیی ئەم پرسە بەئەنجام گەیەندراوە.

خولی پەرەپێدانی پیشەیی بۆ کارمەندانی ڕاهێنەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرایەوە



قەدەخەکردنی کاری تاکسی مامۆستایانیش دەگرێتەوە



وەزارەتی پەروەردە نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەکات، داوایان لێدەکات فەرمانبەرو مامۆستایانی پلە 1 تاوەکو 6 فۆڕمی نەکردنی کاری تاکسی پڕبکەنەوە،

عەبدولواحید محەمەد، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، نووسراوێکی وەها ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان کراوە، بەڵام ئێمە قسەی خۆمان لەسەر ئەو نووسراوە دەبێت و دەشڵێت پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا بکرێت، چونکە مامۆستا هەیە لە دەرەوەی شار دەوام دەکات تاکسی هەیە و لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای دیکە دەچنە دەوام ئەی نابێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت. سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا یەکێتی مامۆستایان لە ئایندەدا هەڵوێستی خۆی بە فەرمی لەوبارەیەوە ڕادەگەیەنێت.

لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی 138 هەزار مامۆستا هەیە، لەو ژمارەیەش زیاتر لە60 هەزاریان ئەندامی یەکێتی مامۆستایانن.

پێشتر بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە واژۆی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆ لەسەر بوو کاری شۆفێری تاکسی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەشێک لە فەرمانبەرانی حکومەت قەدەخەکرا.

تەعریب هەڕەشە لە 11 گوندی کوردنشینی خانەقین دەکات

لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرشەوە جوتیاران چەندینجار خۆپیشاندانیان کردووە، بۆ ئەوەی عەرەبی هاورد نەهێندرێنە سەر زەوییەکانیان، بەڵام بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی کورد لەوناوچانە، کەس گوێ لە جوتیارەکان ناڕێت و زەوییەکانیشیان داگیر دەکرێن.

بە گوتەی جوتیارەکان، داگیرکردن و لێسەندنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هاوولاتییانی کوردی سنووری قەزای خانەقین بە پشتیوانی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالەیە، کە دەیانەوێت بە تەواوەتی کورد لەوناوچانە دەربکەن و جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان لە شوێنەکانیان جێگیر بکەن.

جەواد دارا، یەکێکە لە گوندنشینەکانی سنووری خانەقین بە کوردستان24 گوت: لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هەوڵی داگیرکردنەوەی زەوییەکانی کورد دەدرێت، تەنها لە دێیەکەی ئێمە زیاتر لە850 دۆنم زەوی هەڕەشەی داگیرکردنی لەسەرە، کۆی ئەو گوندانەی ئێستا خەریکە جارێکی دیکە تەعریب دەکرێنەوە زیاتر لە 11 گوند دەبن. گوتیشی: ئەو عەرەبانەی چەندین ساڵە لەگەڵمان دەژین و لەلایەن کوردەوە خزمەت دەکرێن، ئەوانیش دژی کورد هاوکارن بۆ تەعریب کردنەوەی ناوچەکەمان. ئەو کوردانەی کە لەسەر زەویە کشوکاڵییەکانیانن لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی 2003وە گەڕاونەتەوە سەر زەویەکانیان، عەرەبە هاوردەکانیش ئەو کاتە ناوچەکەیان جێهێشت، بەڵام لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە و نەمانی دەسەڵاتی کورد لەناوچەکە جارێکی دیکە داگیرکردن و دەرکردنی کورد لە ناوچەکە دەستی پێکردەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی کوردستان هۆشداری بە دانیشتووانی نزیک زێی بچووک و بەنداوی دوکان دەدات



بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە مەترسیی بەردانەوەی ئاو و سەرڕێژکردنی بۆ نێو زێی بچووک، هۆشداری دەداتە خەڵکی نزیک زێی بچووک و بەنداوی دوکان، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانیش دەڵێت، لە ئێستادا بەنداوەکە یەک ملیار و 930 مەتر سێجا ئاوی تێدایە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی کۆکردنەوەی ئاوی هەرێمی کوردستان، ئەکرەم ئەحمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بە فەرمی دانیشتووانی نزیک بەنداوی دوکان و دەربەندیخان و ئەو ناحیانەی دەکەونە سەر زێی بچووک ئاگادار کراونەتەوە، کە مشووری خۆیان بخۆن و نزیکی شوێنە قەدەغەکراوەکانی ڕووبارەکان نەکەون، ئەو پرۆژە گەشیاری و باخ و خانوو و ماڵانەی لە شوینی قەدەغەکراون و بە زیادەڕۆیی دروست کراون، خاوەنەکانیان خۆیان بەر پرسیارن لە زۆربوون و بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکان، چونکە ئێران ئاوەکەی وردە وردە وا بەرداوەتەوە و پێویستە هەموو ناحیە و قەزاکانیش لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو ئاگادار بن.

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بە هۆی زۆریی بارانبارین و بەردانەوەی ئاو بە ڕێژەیەکی زۆر لەلایەن ولاتی ئێرانەوە، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا یەک مەتر و 30 سانتیم ئاستی ئاوی دەربەندیخان زیادی کردووە، کە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵ 10 مەتر و 30 سانتیم ئاستی ئاوی دەربەندیخان زیاترە.

خانی گوتیشی: بە هۆی بوومەلەزەکەی ساڵی 2017وە زیان بەر 10 مەتر سەرووی بەنداوەکە کەوتووە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش یەک ملیار دیناری بۆ چارەکردنی زیانەکان خەرج کرد، هەروەها حکوومەتی عێراق تیمی پسپۆڕی ناردووە و بەردەوام پشکنین بۆ بەنداوەکە دەکەن، بەپێ ئەو ڕێنماییەی پێمان دراوە، ئەوەندە ئاو گل دەدەینەوە کە زیان بە بەنداوەکە نەگات و هیچ مەترسییەکیش نییە لە ئێستادا.



بـۆ تۆمەتبـاری هەڵاتـوو/ نجـاة فاضـل محمد امیـن
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نـا دیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی /١٤٣ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزایی. دادگاکەمـان بریـاری دا لـە رێـگای رۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کاتژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٥/١٢ بـە مەبەسـتی دادگایـی کردنـت بـە پێـی مادەی یاسـایی (٧ ژمـارە ٨ی سـالّی ٢٠١١) بـە پێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە
بەرێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٩/١٠٠
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٧
ئاگاداری
لیژنـەی سـەرەوە هەڵدەسـتێ بـە بەکرێدانـی (١١٤) دوکانـی مولکـی شـارەوانی بـەم شـێوەی کـە لـە خـوارەوە دیارکـراوە ئـەو کەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا بـا سـەر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی بنەسـلاوە بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٤/٢٩ کاتژمێـر (١٠:٣٠) دەو نیـوی بەیانـی لـە رۆژی دیارکـراو کرێگرتـەش دەبـێ بارمتـەی یاسـایی بـە رێژەی (٢٠٪) لـە کرێـی خەملێنـدراو لەگـەڵ خـۆی بهێنـی هەروەهـا کرێـی بڵاوکردنـەوە و خەرجـی تریـش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـۆی.
١- ژمـارەو جـۆری مولـك و شـوێن/ کۆمەڵـەی دوکانـی زنجیـرە بـە (٢) کـە پێکدێـت لـە (٢) دوکان لـە زنجیـرە (٧٣ ، ٧٤) لەسـەر بەشـێك لـە پارچـە زەوی ژمـارە (١/١٣٠٩ ك ٨٦ بنەسـلاوە) رووبـەری زەوی/ ١٥م٢ بـۆ هـەر دوکانێـك کرێـی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ کـۆی رووبـەر/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/ ٣ سـاڵ بەزیادکردنـی ئاشـکرا.
٢- ژمـارەو جـۆری مولـك و شـوێن/ کۆمەڵـەی دوکانـی زنجیـرە بـە (٣) کـە پێکدێـت لـە (٨٢) دوکان لـە زنجیـرە (١١٩ ، ٢٠٠) لەسـەر بەشـێك لـە پارچـە زەوی ژمـارە (١/٣٩٠٧ ك ٨٦ بنەسـلاوە) بـۆ ژمـارە تاکـەکان کـە دەکەوێتـە سـەر شـەقامی سـەرەکی رووبـەری زەوی/ ١٥م٢ بـۆ هـەر دوکانێـك کرێـی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ کـۆی رووبـەر/ ٣٥٠٠٠٠ سـێ سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/ ٣ سـاڵ بەزیادکردنـی ئاشـکرا.
٦- ژمـارەو جـۆری مولـك و شـوێن/ کۆمەڵـەی دوکانـی زنجیـرە بـە (٥) کـە پێکدێـت لـە (١٨) دوکان لـە زنجیـرە (٢٩٠ ، ٢٩٢ ، ٢٩٤ ، ٢٩٦ ، ٢٩٨ ، ٣٠٠ ، ٣٠٦ تاکـو ٣١٧) لەسـەر بەشـێك لـە پارچـە زەوی ژمـارە (١/١١٢٢ ك ٨٦ بنەسـلاوە) رووبـەری زەوی/ ٢٥م٢ بـۆ هـەر دوکانێـك کرێـی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ کـۆی رووبـەر/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/ ٣ سـاڵ بەزیادکردنـی ئاشـکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر/
بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢١٠٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (MATELEC IRAQ) بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی و میکانیك و دابین کردنی کەرەستەی وێستگە و تۆری کارەباییەکان/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین عبداللە قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (MATELEC IRAQ) بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی و میکانیك و دابین کردنی کەرەستەی وێستگە و تۆری کارەباییەکان/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر) پاکتاوکار/ خسرو عبدالله شمس الدین
ناونیشان/ هەولێر- دریم ستی ژمارەی خانوو (١٤٤)
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٣٩٢٩٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢١٣٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (واکـۆڵ) بـۆ بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/٣/١٧) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (خسـرو عبداللـە شـمس الدیـن) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.
ئاراس رۆوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/3/28 ژمارە (5719)
خەبات

نەورۆز لە ئەفسانەوە بۆ جەژنێکی نەتەوەیی



ئەحمەد حاجی مەولود

لە نێو ئێمەی کورد ئەفسانەی نەورۆز وا دەگێڕدرێتەوە، زوحاک پاشایەکی دڕندە و خوێنڕێژ بووە، ئەهریمەن فریویداوە، هەر دوو شانی ماچ کردووە، لە جێگای ماچەکانی ئەهریمەن، دوو مار لەسەر شانی سەریان هەڵداوە، ئەهریمەن پێیدەڵێ بۆ ئەوەی مارەکان پێتوونەدەدن، دەبێ هەر رۆژ مێشکی دوو لاوی کورد بدەیتە مارەکان، زوحاکیش بۆ ئەوەی لە دەستی مارەکان پارێزراو بێت، هەر رۆژ سەری دوو لاوی کورد سەر دەبڕێ و دەداتە مارەکان، تا وایلێهات خەڵک بێزار دەبن. لەو نێوەدا کاوەی ئاسنگەر کە چەندین کوڕی سەری بڕدراوە، بڕیار دەدات ڕاپەڕێت و زوحاک بکوژێت و لە کۆڵ خەڵکی بکاتەوە، کاتێک دەچێتە لای زوحاک و قسەی لەگەڵ دەکات، بە چەکوچ لە سەری دەدات و دەیکوژێت و ئەو پێستەی، کە کردبووبە بەروانکەی ئاسنگەری بەسەر داربڕک دەکات و ئاگری تێبەردەدات، وەک نیشانەی سەرکەوتن بەسەر زوحاک. کە ئەو ئاگرەی نەورۆزە، هێمایەکە بۆ سەرکەوتنی هەق بەسەر ناهەق و دەرەنجام دەسەڵات دەدرێتە فەرەیدونی کورد.

لە شانامەی فیردەوسی، کە هەر وەکو خۆی دەڵێت زیندووکەرەوەی نەتەوەی فارسە، بەم شێوەیە باسی زوحاک و کاوە دەکات:

دوای ماوەیەک، ئەوانەی سەری لاوەکانیان دەبڕی، بڕیار دەدەن ڕۆژانە تەنیا لاوێک سەرببڕن و لە جیاتی لاوەکەی دیکە، مەڕێک سەر ببڕن و مێشکەکانیان بدەنە مارەکان، ئەو لاوەی سەری نەبڕدراوە، ڕەوانەی شاخ دەکرێت، فیردەوسی بەو لاوانەی کە ڕزگاریان بووە و چوونەتە شاخ، دەڵێت نەتەوەی کورد لەوانەیە، کە نازانن ئاوەدانی چییە، کاوە کە چەندین کوڕی سەر بڕاوە، ڕادەپەڕێت و ڕێبەرایەتی خەڵکەکە دەکات و لەگەڵ فەرەیدون بەرەیەک دژ بە زوحاک پێکدێنێ و زوحاک شکست دەدەن و دەست بەسەری دەکەن و لە شاخی دەماوەند زیندانی دەکەن.

گومانی تێدا نییە فیردەوسی وەکو فارسێکی قسە دەکات، هەروەکو لە شانامە بە ڕاشکاوانە باسی لێوە دەکات و دەڵێت:

بۆ ماوەی 30ساڵ ڕەنجم کێشاوە
نەتەوەی فارسم زیندوو کردووەتەوە

لەمەولا نامرم و زیندووم
کاڵکی قسەم بڵاوکردووەتەوە

لەم پارچە شیعرە دەردەکەوێ فیردەوسی تا چ ڕادەیەک ڕەگەزپەرست بووە. بەڵام ئەوەی مێژوونووسان باسی لێوەدەکەن، ئەوەیە ئاریایەکان، کە لەبەر سەرما و سۆڵی سیبریا کۆچیان کردبوو، بەرەو سێ دەستە، تاقمێکیان بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتن، تاقمێکیش بەرەو هیندستان، تاقمی دیکەشیان بەرەو ئێران هاتن، ئەو تاقمەی کە بەرەو ئێران هاتن، بوونە دوو دەستە، مادەکان و پارتەکان، کە مادەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن، یەکەم ئیمپراتۆریەتیان لە ئێران پێکهێنا و دامەزرێنەری ئێران کورد بوونە و بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ دەسەڵاتیان گێڕاوە، هەروەکو سەیفولقوزات لە شیعرێکدا، دەڵێ ئێران مولکی کوردە.

لەبارەی ئەوەی کە فیردەوسی دەڵێت: نازانن ئاوەدانی چییە. بە دەڕێژایی مێژووی کورد، زانای زۆر گەورەی لێهەڵکەوتووە، چ بەر لە ئیسلام و چ دوای ئیسلام، بۆ نموونە ئیمام موحەمەدی غەزالی لە سەدەی پێنجەم دەڵێ: ئێستا کۆڵەکەی ئیسلام لەسەر سێ ئەستوندەکەیە، کە بریتییە لە دینەور و شارەزور و ئامەد، کە ئەم سێ مەڵبەندە هەرسێکی کورد بوونە. هەروەها فەلسەفەی ئیسلامی کە دابەش دەبێت، بە مەشایی و ئیشراق، لەڕاستیدا یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی کە ئێرانشاری بێت، بە کورد ناو دەبردرێت. فەلسەفەی ئیشراقیش کە دامەزرێنەرەکەی شێخی ئیشراق سوهرەوەردییە، بە ڕەگەز کورد بووە و لەسەردەمی سەلاحەدین بە هۆی پیلانێکەوە دەکوژرێت. یان ئەوەتە سەلاحەدینی کورد لە بەرامبەری خاچپەرستان ڕاوەستا و شکستی پێهێنان، بە دانپێنانی خودی ئەوروپاییەکان کەسایەتییکی جوامێربووە.

هەڵبەت لەو نێوەدا کەسانێک وەکو ئەحمەدی شاملۆ، کە شاعیرێکی هاوچەرخی فارسە، لە وتارێکدا چیرۆکی زوحاک و کاوە و فەرەیدون ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت شتەکە بە پێچەوانەوە بووەو فیردەوسی بە دەربەگ کە دژی خەڵکی ستاندەوەو بڕیاریداوە، لە ڕۆژێکی دیاریکراو سەردارانی سوپا لە شوێنێک کۆببنەوە و ئەسپی کامە سەردار زوتر لە هەژارانی خۆش دەویست و دژ بە دەربەگ بوو و خەڵکی ئاسایی خۆشدەویست، بڕیە کەمبوجیە ئەمر دەکات تا بیگرن و بیکوژن، بەڵام ئەویان نەکوشت و شاردیانەوە، کاتێک کەمبوجیە هێرش دەکاتە سەر میسر و دەست بەسەر میسر دادەگرێت، هەواڵی بۆ دێ، کە بەردیا زیندووە و دەستی بەسەر ئێران داگرتووە، هەواڵەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمبوجیە جەڵتە لێی بدات و بمرێت، سەردارانی سوپا بڕیار دەدەن، کە بگەڕێنەوە ئێران و بەردیا بکوژن و بە خەڵکەکە بڵێن کە موغێکی زەرتۆشتیان کوشتووە، کە زۆر بە بەردیا دەچوو و خۆی لە جیاتی بەردیا دانابوو، چونکە بە پێی یاسا ئەگەر بەردیا زیندوو بووایە دەبووە پاشا. سەردارانی سوپا بەردیایان کوشت و مۆڵک و سامانی دەرەبەگەکانیان لە چیرۆکی زوحاک و کاوە بەم شێوەیە کوڕی کورۆشی گەورە برایەکی هەبوو بەناوی بەردیا، کە پیاوێکی زۆر باش بووە، هەژارانی خۆش دەویست و دژ بە دەرەبەگ بوو و خەڵکی ئاسایی خۆشدەویست، بۆیە کەمبوجیە ئەمر دەکات تا بیگرن و بیکوژن، بەڵام ئەویان نەکوشت و شاردیانەوە، کاتێک کەمبوجیە هێرش دەکاتە سەر میسر و دەست بەسەر میسر دادەگرێت، هەواڵی بۆ دێ، کە بەردیا زیندووە و دەستی بەسەر ئێران داگرتووە، هەواڵەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمبوجیە جەڵتە لێی بدات و بمرێت، سەردارانی سوپا بڕیار دەدەن، کە بگەڕێنەوە ئێران و بەردیا بکوژن و بە خەڵکەکە بڵێن کە موغێکی زەرتۆشتیان کوشتووە، کە زۆر بە بەردیا دەچوو و خۆی لە جیاتی بەردیا دانابوو، چونکە بە پێی یاسا ئەگەر بەردیا زیندوو بووایە دەبووە پاشا. سەردارانی سوپا بەردیایان کوشت و مۆڵک و سامانی دەرەبەگەکانیان لە چیرۆکی زوحاک و کاوە بەم شێوەیە کوڕی کورۆشی گەورە برایەکی هەبوو بەناوی بەردیا، کە پیاوێکی زۆر باش بووە، هەژارانی خۆش دەویست و دژ بە دەرەبەگ بوو و خەڵکی ئاسایی خۆشدەویست، بۆیە کەمبوجیە ئەمر دەکات تا بیگرن و بیکوژن، بەڵام ئەویان نەکوشت و شاردیانەوە، کاتێک کەمبوجیە هێرش دەکاتە سەر میسر و دەست بەسەر میسر دادەگرێت، هەواڵی بۆ دێ، کە بەردیا زیندووە و دەستی بەسەر ئێران داگرتووە، هەواڵەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمبوجیە جەڵتە لێی بدات و بمرێت، سەردارانی سوپا بڕیار دەدەن، کە بگەڕێنەوە ئێران و بەردیا بکوژن و بە خەڵکەکە بڵێن کە موغێکی زەرتۆشتیان کوشتووە، کە زۆر بە بەردیا دەچوو و خۆی لە جیاتی بەردیا دانابوو، چونکە بە پێی یاسا ئەگەر بەردیا زیندوو بووایە دەبووە پاشا. سەردارانی سوپا بەردیایان کوشت و مۆڵک و سامانی دەرەبەگەکانیان لە هەڵەبژێرێت کە دژ بە مەزهەبی عوسمانییەکان بێت، ئەویش مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە، هەر چۆنێک بێت ئەوان هیچ ئینتمایەکی نەتەوەی کوردیان نەبووە، بگرە مەزهەبی شیعەیان لە ئێران بە فەرمی ناساند و زمانی فارسیان کردە زمانی ڕەسمی خۆیان، کە ئەوە گەورەترین زەبر بوو بە زمانی فارسی کەوت، چونکە بەر لە سەفەوییەکان، لە هیندەوە تا ئاسیای بچووک ئەوە زمانی فارسی بوو، نووسینەوەیان پێ دەکرد. هۆیەکەشی ئەوە بوو، وڵاتانی دیکە سوننە مەزهەب بوون، کە دیتیان مەزهەبی شیعە بەسەر ئێراندا زاڵ بووە، وازیان لە فارسی هێنا و بایەخیان بە زمانەکانی خۆیان دا.

بۆ نموونە، نیزامی گەنجەوی کە بە باوکی شیعری فارسی ناو دەبردرێت، کورد بووە، یان کاک ئەحمەدی شێخ، مەکتووباتی بە فارسی نووسیوە و مەلا عەبدولکەریمی مودەرس وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەوانە هەمووی نیشان دەدەن، کە تا چ ڕادەیەک زمانی فارسی بەڵا دەستی بووە و نەتەوەی دیکە دەوڵەمەندیان کردووە.

لە ڕوانگەی مێژوییەوە کەسانێک باوەڕیان وایە کە ساسانییەکان کورد بوونە، لەبەر ئەوەی دەقی مێژوویی دەڵێ باپیرە گەورەی ساسانییەکان شوانکارە بووە، وشەی شوانکارە تەنیا لە کوردی دا هەیە و فارس بەکاری ناهێنێت، دیارە پایتەختەکەی ساسانییەکانیش لە کوردستان بووە، بێجگە لەوە، خۆم بە گوێی خۆم لە خوالێخۆشبوو دکتور عوبەیدوڵا ئەیوبیان بیست، کە داکۆکی لەسەر کوردبوونی ساسانییەکان دەکرد و دەیگوت تەنیا لە چوار زنجیرە پاشایەتییەکەی ئێرانی بەر لە ئیسلام (مادەکان، هەخامنشییەکان، ئەشکانییەکان و ساسانییەکان) تەنیا هەخامنشییەکان فارس بوونە.

ئەو فارسییەی ئێستاش لە ئێراندا پێیدەڵێن فارسی دەری، لەبەر ئەوەی ئەو فارسییە لە ئەفغانستانەوە هاتووە.

گەرچی لە باسەکە دوور کەوتینەوە، بەڵام قسە زۆر لەسەر زوحاک دەکرێت. تەبەری پێی وایە، زوحاک هەر نەمرود بووە، کە حەزرەتی ئیبراهیمی لە هەزاران ساڵ پێش، ئەو زانست و توانایەیان لە کوێوە هێناوە، ئەگەر قسەیەکیشیان لەسەر دەکەین، تەنیا بڕوونە و هیچی دیکە لە گۆڕێ نییە.

حەکیم عومەری خەیام، کە لای خۆمان زیاتر وەکو شاعیرێک ناسراوە، لەڕاستی دا ئەو فەیلەسوف و بیرکار و ئەستێرەناسێکی بە توانا بووە، تەقوێمی جەلالی نووسیوەتەوە، کە تێبیدا کۆچی پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژی نەورۆز. هەر ئەویش فەرەیدون بە کورد ناو دەبات و دەڵێت کە بە بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر زوحاک، لە ڕۆژی نەورۆز ئاهەنگی جەژنی گێڕاوە.

دەکرێت بڵێین مەسەلەی کاوە و زوحاک و کردنەوەی ئاگری ئازادی هەمووی لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی کوردی نەنووسراوە بێت و کورد لە بەختی ڕەشی خۆی تۆماری نەکردبێت! دیارە فارسەکان زۆربەی ئەفسانە ئاریاییە کۆنەکانیان بە ناوی خۆیان تۆمارکردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی کولتووری ئەوان لە دوای ئیسلام بالا دەست بووە.

شاعیرانی کۆنی کورد وەکو ئەحمەدی خانی باسی نەورۆزیان کردووە و پێیان هەڵگوتووە. هەروەها جێمز مۆری، ڕۆژهەلاتناس لەساڵی ١٨١٢ زایینی باسی ئاهەنگێڕانی کورد دەکات لە جەژنی نەورۆز، کە بە جەژنی ڕزگاری گەل لە ستەمی زوحاکیان دادەنا.

هەروەها نووسەری کتێبی هاوناتەوەیی کورد و ماد، حەبیبوڵلا تابانی، دەڵێ: عومەر خەیامی نیشابوری لە کتێبی نەورۆزنامەدا هێناویەتی "فەرەیدوونی کورد فرمانی بە ئێرانیان کرد، ڕۆژی بە دیلگیرانی زوحاک، بکەن بەڕۆژی جەژن.

جەژنی نەورۆز هاوبەشە لە نێو گەلانی ئێرانی، کە کورد لە ڕەسەنترینیانە، ئەو جەژنە بۆ ڕووداوی کاوە و زوحاک دەگەڕێنەوە. بەڵام پێدەچێت نەورۆز گەلێک لەوە کۆنتر بێت و لەڕاستی دا ڕووداوی کاوە و زوحاک لە ڕۆژی نەورۆز ڕووی دابێت.

چیرۆکی کاوە و زوحاک ڕاست یان ئەفسانە بێت، ئێمەی کورد بەپێی بۆچوونی خۆمان دەیخوێنینەوە، کە کورد پشتاوپشت بۆ یەکیان گێڕاوەتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: نەورۆز جەژنێکی نیشتیمانی و سەری ساڵی کوردییە و وەکو جەژنێکی نەتەوەیی سەیری دەکەین، نەک وەکو جەژنێکی ئایینی.

لە بەروارێ 24فوریە 2010 نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارێک لە نیویۆرک، جەژنی نەورۆزیان وەکو ڕۆژی نێودەوڵەتی ناشتی لە جیهان داناوە.



لە ناو برینی نەوەتەکان ئەستێرەکان لێرە دەپەیقن بۆ فاروق هۆمەر



ئاکار محمد

حەزدەکەم گوێ لە گۆرانی
غەمگین نەگریت
ئەوە باشترین هەوڵە،
خۆت لە خەونەکانت بشاریتەوە
گۆرانیی بەشێکە لە ڕابردوو
کە ئایندەت باش نییە؟
چیت داوە بەسەر ڕابردووتەوە
کە (جونەید) (حەلاج)ی ڕاوە دوو نا
کەوادەڵێم تۆ پێت سەیر نەبێت
زەوی هی ئەوەنەماوە تا خەونەکانتی
تێدا کەڵەکە بکەیت
(انا الحق) لێرە کۆتایی هات
خۆشەویستم ئەوەی کە ئێستا ماوە
ژێر چەتری زاڵمانە، کە ویستمان
ویستێکی ئاوەها نەبێت
ئێمە سێبەری زاڵمانمان کواەدویست.
ئەزانم کە ئەم سەدەیە بێحورمەتە
بێحورمەتیی لەم سەدەیەدا بۆ ئەوان جێدەهێڵم
هیچ گۆرانییەکم لە قوڕگدا و
ڕەنگم لەچاودا نەماوە
ترسی من هەر مرۆڤەکان نین
قێزم لە ئایفۆنەکەم دێتەوە
کە نووسینی سەر کاغەزەکانی نەهێشت
خۆشەویستم.
لەوە دڵنیام ڕۆژێک کەسێک دێت
بەتاوانی (کردەوەیەکی خۆکوژی بە وشەیەکی فارسی)
دەمبات بۆ زیندان لە (تەبرێز)
با لەوە گەڕێین ئازیزم ببورە
ئەم سەدەیە ڕەحمی لە دڵمدا نەهێشت
ناتوانم شیعری خۆشەویستیت بۆ بنوسم
من شیعری گۆرانیم ببرچۆتەوە
ئەزانم ناکرێت بە دەمی خوێناوییەوە
باسی خۆشەویستیت بۆبکەم
ئەم وەرزە بێڕەحمانە پێکەنینەکانی بردم.
من چیم دەویست تا ڕۆژەکانم
ئاوها پشتم تێبکەن؟
جگە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێک برین
جۆگەلەیەک لەخوێن،
من چیم هەیە.
بەشەرم و ویقارەوە گۆرانی بێژەکان نا
داریوش دەخەمە ئەم بابەتەوە
کێشەم (دڵی من نیە ئیتر فریو نەخوات)
بیرکردنەوەکانم دەڵێن ئیتر برین بهۆنەوە.
خۆشەویستم وەک وتم کەپەنجەکانم
لەگەڵ ئاوازی پچڕپچڕدا دەهێنایەوە
بۆقەکان بە شەرمەوە تەماشای
فرمێسکەکانمیان دەکرد
بەدەنگی بەرز کە هاوارم دەکرد
بووکی جوانیی ئەی ست فاتیمە
برینەکانم بەئازارەوە پێیان دەگوتم
(سێو پێگەیی نەهاتی،.. گیانە)
مەبەستمە ئێواران شکستەکانم نا
برینەکانم بهێنمەوە بیری خۆم؟
برین کێ دەیبینێت
کێ هەست بە خەمەکانی ناوەوەمان دەکات
یادەوەری ئەو کاتە نرخی هەیە
تەنها خۆت یادی بکەیتەوە.
ئەم شیعرە لە نیوەی ئازارەکانەوە
دەست پێدەکات،
خۆی ژیان لە ناوەڕاستەوە
درێژە بە مانەوە دەدات
ئەزانم ئەم وشانە بۆ شیعر گونجاو نیە
بەڵام ناچارم ئاوها بپەیڤم.
مەبەستمە هەر برینێک کە دێت و داوای
ساڕێژکردن دەکات
من بێ دووددڵی ئەم شیعرانەی بۆ بڵێمەوە
نوسین بریتی نیە لە برین؟
من بیر لە ئینسانەکانی (دێمشق)دەکەمەوە
خەونی کچە (یەزدیەکان) دەژمێرم.
ئازیزم وەرەلام با ئازارەکان
پێکەوە بەش بکەین
ئەم جارەیان هەموو جەمسەرەکان
بۆ من
هەموو نیگاکان بۆتۆ
هەموو پێکەنینەکان بۆ تۆ
تەنیای تاراوگەکان بۆ من
هەموو سەماکان بۆ تۆ
فرمێسکەکانی سەر سنوور بۆ من.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/3/28 ژمارە (5719)
خەبات

(کوژەر) لە نێوان، فەلسەفە و سینۆگرافیادا

سەروەر ئەمین

هەموو پێکهاتەو رەگەزەکانی شانۆ لەپێناو بەرجەستە کردنی ئامانج و فەلسەفەی نمایش دروست بوونە ، بۆیە هەر کات نمایش ئەو ئامانجەی لەدەست دا، کە دەبێتە کرۆکی نمایش، ئەوە هەموو رەگەزەکانی دیکە بە شێوەیەکی هەڕەمی دەڕوخێن ..من نالێم ئومێد کەمال ـ ی دەرهێنەر لە شانۆیی، (کوژەر) ئەو توخمە بنەڕەتیەی شانۆی، لە دەست داوە، بەڵام بەڵای منەوە بە ئاراستەیەکی دروست بەکاری نەهێناوە، کە ئامانجە سەرەکیەکە بپێکێنێ کە ئەویش ئەو دڵ رەقی و سۆکایەتیە پێ کردنەی پیاوە بەرامبەر بە ئافرەت، یان گەمەی ئەهریمەنانەی پیاو بۆ فریودانی ئافرەتو لە خشتە بردنی، تا ئەو شوێنەی ئافرەت تێبیدا دەبێتە قوربانییەکی نرخ هەرزان لە کۆمەڵگادا .



ئەگەر ئێمە لە شانۆدا ئافرەتمان وەک کائینێتکی، نا هوشیارو سادەو ساکارو ساویلکە نیشاندا کە بە ئاسانی بکەوێتە داوی پیاوی بازرگان بە خۆشەویستی و بە شەرەف و ئینسانیەتی ئافرەت، ئەوە بە مانا ئێمە دەچینە پاڵ کۆمەڵگایێکی ستەمکار لەدیدو پێوەر و بۆچوونداو، کە ئافرەت بە کائینێتکی کەم ئەقڵ و لاوازو بێ دەسەڵات لە قەڵەم بدات، بەڵام خۆ وەزیفەی ئێمە لە شانۆدا، پشت راست کردنەوەی، ئەو هاوکێشە چەوتە نیە کە کۆمەڵگا هەیەتی بەرامبەر بە ئافرەت، بەڵکو، رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە نالۆژیکیەیە، بەو ئامرازانەی لە شانۆدا بەردەستن، بۆیە ئەوەی ئێمە لەکاراکتەرە کچەکەی (بکوژدا) ، بینیمان هەمان ئەو لۆژیکە سەرەو ژێرەی کۆمەڵگایە ، نەک ئەوەی ئێمە ، لەشانۆدا، چاوەڕوانی دەکەین، هەرچەند لە کۆتایی نمایشدا دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دا، کچەکە بە ئاگا بێنێتەوە و یاخی بێت و ناچێتە ژێر باڵی هەڕەشەو ویستە ئەهریمەنیەکانی پیاو بۆ بازرگانی کردن بە شەرەف و کەرامەتی، وێڕای هەموو مەترسیەکان، بەڵام دوای چی ؟ دوای ئەوەی ئەو ساویلکەیی و کەم ئەقلیەی کچەکەی گەیاندە کەنارەکانی کۆتایی و رووتکردنەوەی لە هەموو ئەو پیرۆزییانەی هەیبوو ، پاشان رووبەروو بوونەوەی کچە غەدر لێکراوەکە لەگەڵ پیاوێک کە چارەنووسی رەش کردو گەیاندی، بەوئەو کۆتاییە تاڵە ، روو بە رووبوونەوەیەکی بوێرانە نەبوو ، بەڵکو رادەست بوون بوون، بوو بە ناکامی، کە تێدا جگە لە فرمێسک و گریان نەبێت، نەیتوانی هەڵوێستێک نیشان بدات کە ئەو کاراکتەرە لەو لاوازی و نەهامەتیە رزگار بکات... من نازانم دەرهێنەر بۆ ئەو کاراکتەرەی ئەوەندە پەپووت و بێ دەسەڵات کردبوو ، کە ببێتە مایەی بەزەیی پێ هاتنەوە؟

هەموو ئەوانە بەڵگەی نیشاندانی ناهوشیاریی ئافرەتی ئێمەیە لەکۆمەڵگادا،بەڵام ناکرێت لە هەلومەرجێکا شانۆ، فاکتەر بێت بۆ گۆڕانی پرنسیبە کۆمەڵایەتیەکان، کەچی، بەشانۆ ئافرەت لەبەها فکری و رۆشنبیریەکانیدا داچۆڕێنین .

بە گشتی هەڵسوو کەوت کردنی دەرهێنەر لە گەڵ واقیع دا، هەڵسووکەوتێکی ئیجگار، دەقاو دەقە و نەیتوانیووە، بۆچوون و ئایدیای تایبەتی خۆی، لەو واقیعە تاڵەدا، جودا بکاتەوە، کە بینەر، دووچاری بێ ئومێدی نەکات، بۆ ئایندەی ئافرەت لەکۆمەڵگای ئێمەدا .

، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی درامیش لە کۆتاییدا بەدەست پێکردنەوەی سەرەتایەکی دیکە بۆ تاوانکاری لە لایەن پیاوەوە دەست پێ دەکاتەوە، بۆ، ئەوەی هەمان تراژیدیا دووبارە بکاتەوە، بەمەش جارێکی دیکە هەرپیاو دەخاتەوە نێو قەفەسی بوونی رەگەزی وروژاندن بوو لە ، نمایشەکەدا.

دیارە کە داینەمۆی راگرتنی ریتم تەنیا بە بەرجەستە کردنی توخمەکانی وروژاندن دەستەبەر دەبێت، ئێ خۆ ئەرکی نمایش خوێندنەوەی کتێبێک نیە تەنیا ، فەلسەفەیەکت پێ ببەخشێت، بینەر بۆ ئەوە دێتە شانۆ چێژ لە رەگەزەکانی سینۆگرافیا وەربگرێ، ئەگەر نەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە، هەست ناکات هاتۆتە شانۆ، بۆیە دەرهێنەر دەبێت دەسەڵاتی راگرتنی هاوسەنگی هەبێت لە نێوان تێکست و سینۆگرافیادا.

لە دیکۆردا هەوڵێک هەبوو کە ڕەنگ بۆ هەندێ هێماو دەلالاتی فەلسەفی و ڕەمزی بەکار بێنێ، هێمایەکی گوزارشت بەخش ببەخشێت بەو ڕەنگە ڕەشو سپی و ڕەنگە سوورانەی لە فەزای شانۆو سەرتەختەی شانۆو جلوبەرگەوە دابەش ببوون، وەک هێمای ڕەنگی سپی بۆ پاکیزەیی و بەرائەتی ئافرەتەکەو هێمای ڕەنگی ڕەش بۆ ئەو دیدو دڵە ڕەشانەی دژ بە ڕەنگە سپیەکەن و ڕەنگی سوور بۆ ئەو تاوان و بڕۆیەی دەرهەق بە ئافرەت دەکرێن، بەتایبەت لە شەوی سووری ئەنجامدانی تاوانی هەتک کردنی کچەکە کە یەکێک بوو لەدیمەنە هەرە جوانەکانی نمایش . ،

ئەکتەر:

جەلال محەمەد سێدەری - دروست کردنی ڕق

دەرهێنەر بۆ بەرجەستە کردنی فەلسەفەی نمایشەکەی هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەکتەر، وەک داینەمۆی ڕیتمی نمایشەکەی و بەرجەستە کردنی دوو کاراکتەری ژن و پیاو، پیاوەکە(جەلال محەمەد سێدەری) لە ڕووی شێوەو ڕوخسارەوە لە گەڵ کاراکتەرەکەی خۆی دەگونجێت، و توانی رق لای بینەر دروست بکات، رق لێبوونەوەش بە مانای وروژاندنی بینەرە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەڵام لە ڕووی ئەداو پیر فۆرمانسەوە ڕۆڵەکەی خۆی تێر نەکردو لە ئەکشن و ئیلقادا کەمێک پەلە پرووزێیی پێوە دیار بوو، کە هەندی جار دەبووە تەوژمێک بۆ لاوازبوونی کاراکتەرەکە .

بێگەرد حەمە سەلیم - سەرچاوەی وروژاندن، ـ لە کاراکتەرێکی دەستەپاچە

ڕۆڵی ئافرەتەکە لەلایەن (بێگەردحەمە سەلیم) ەوە دەبێندرا،کە خاوەنی توانستێکی سروشتی هاوسەنگ بوو، بە پێی خواستی، ڕووداوو ڕیتمی دیمەنەکان ڕەفتاری دەکرد، بەرائەت و سادەیی پێوە دیاربوو، کە وێنەیەکی گونجاو نیشان بدات لە گەڵ کاراکتەرەکەی،وەک، وێنەیەکی دەقاو دەقی، هەموو ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوانەی دەبنە قوربانیی، توانی بەنواندنە سروشتیەکەی بینەر، بوروژێنێ و بێتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی ڕاگرتنی، نمایشەکە، هەم لە ڕووی ڕیتم و هەم لە ڕووی، چێژ بەخشینیشدا، ، بەڵام دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرابوو، کاراکتەرەکەی خۆی لەو لاوازی و دەستە پاچەییە ڕزگار بکات و بیکات بە کاراکتەرێکی بەهێز، ئەمە لە کاتێکا کە گەلێک دەرفەتی لە بار هەبوون بۆ ئەوەی هەم ئەو کاراکتەرە ـ کە هێمای ئافرەتی کورد بوون بەهێزتر کات، هەمیش ئاراستەی فەلسەفەی نمایشەکەی بۆ بەرژەوەندی ئایندەی ئافرەتی کورد بشکێنتەوە .

چیرۆک

(دوا وانەی وەرز.....)

ئەسعەد عەزیز محەمەد



ڕۆژی پێنج شەمە بوو ، دوا وانەی ئەو ڕۆژە بوو ،کەش وئاو هەوا ئاماژەی ئەوەیان دەدا هەموو ئەو ژینگەیە لەچاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەییدایە .کات ئەو گۆڕەپانە بوو کەلەسەری یارمان دەکرد ،نەماندەزانی بۆ تەواو بوونی یارییەکە چەند کاتمان ماوە، هەموو هێما وئاماژەکانی دەوروبەر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کۆتاییەکە نزیکبۆتەوە .زەنگی چونە ژوورەوە لێدرا، مامۆستای مێژوو هاتە ژوورەوە ،ئەو پیاوەی تەمەنی نەدەگەیشتە چل ساڵ بەڵام باسی سەدان و هەزارەها ساڵی بۆمان دەکرد ،لەنیگای خەم ونیگەرانیدا بەهەموو لاپەڕە شاراوەکانی مێژوو ئاشنا ببوو ، لەمڕۆدا سیمای وەک کەسە ڕوح سوک وقسە خۆشەکەی پێشتر نەبوو.

ئەوەی بیبینایە دەیزانی کەسێکە لەدۆخێکی ئاساییدا نییە بەڵکو لە دۆخێکی دژوارو سەخت و ئاڵۆزدا دەڕێت یان بەدەستی کێشەییەکەوە گیرۆدە بووە، بەڵام هاوسەنگی و سەنگین وسالارێکی جارانی هەرمابوو، دوای ئەوەی ڕۆژباشی لێکردین بە نەبڕی کەسێکی خەمبارو دڵتەنگ بەڵکو تارادەییەک شکستخواردوو گوتی:-

"دەمەوێت لێتان بپرسم ، ئێمە بۆچی مێژوو دەخوێنین؟ بەخوێندنی مێژوو فێری چی دەبین؟ یاخود سوودی خوێندنی مێژوو چییە ؟ " چەندین قوتابی بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە هەستان، هەرچەندە وەلامەکان لە گوتن و دەربڕیندا جیاواز بوون بەڵام لەمانادا هاو واتا بوون، قوتابییەک وتی :-" بەخوێندنەوەی مێژوو شارەزایی زیاتر پەیدا دەکەین و بۆ ئێستاو سبەی بەکاریدەهێنین." قوتابیەکی هێمن و لەسەرخۆ بە گوزارشتێکی ڕاست و دروست پێیگوتین :-" کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕەوتی ژیاری و شارستانیەت وکۆمەڵایەتی خۆی بۆ ئێستا وئایندەی لەسەر پێگەی مێژوو بنیات دەنێت." قوتابیەکی تر بێ ئەوەی مۆڵەت لەمامۆستا وەربگرێت گوتی :- " بەخوێندنی مێژوو ئاشنای ڕابردووی پڕ شانازی و سەروەری دەبین ،هاندەرێکی بەهێزە بۆ گەلان وبۆ نەوەی داهاتوو ." چەند چرکەیەک بێدەنگی جلەوی بەسەر پۆلەکەدا کێشا ، دواجار مامۆستا هاتە دەنگ بەنەبڕەییەک تووڕەیی، گرو تۆنێکی بەرز گوتی :-" عەشقم بۆ مێژوو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، مێژوو دەریایەکی فراوانە، مێژوو ئاوێلکەیەکی بچووکە نییە بەڵکو لە دۆخێکی دژوارو سەخت و ئاڵۆزدا دەڕێت یان بەدەستی کێشەییەکەوە گیرۆدە بووە، بەڵام هاوسەنگی و سەنگین وسالارێکی جارانی هەرمابوو، دوای ئەوەی ڕۆژباشی لێکردین بە نەبڕی کەسێکی خەمبارو دڵتەنگ بەڵکو تارادەییەک شکستخواردوو گوتی:-

"دەمەوێت لێتان بپرسم ، ئێمە بۆچی مێژوو دەخوێنین؟ بەخوێندنی مێژوو فێری چی دەبین؟ یاخود سوودی خوێندنی مێژوو چییە ؟ " چەندین قوتابی بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە هەستان، هەرچەندە وەلامەکان لە گوتن و دەربڕیندا جیاواز بوون بەڵام لەماناداهاو واتا بوون، قوتابییەک وتی :-" بەخوێندنەوەی مێژوو شارەزایی زیاتر پەیدا دەکەین و بۆ ئێستاو سبەی بەکاریدەهێنین." قوتابیەکی هێمن و لەسەرخۆ بە گوزارشتێکی ڕاست و دروست پێیگوتین :-" کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕەوتی ژیاری و شارستانیەت وکۆمەڵایەتی خۆی بۆ ئێستا وئایندەی لەسەر پێگەی مێژوو بنیات دەنێت." قوتابیەکی تر بێ ئەوەی مۆڵەت لەمامۆستا وەربگرێت گوتی :- " بەخوێندنی مێژوو ئاشنای ڕابردووی پڕ شانازی و سەروەری دەبین ،هاندەرێکی بەهێزە بۆ گەلان وبۆ نەوەی داهاتوو ." چەند چرکەیەک بێدەنگی جلەوی بەسەر پۆلەکەدا کێشا ، دواجار مامۆستا هاتە دەنگ بەنەبڕەییەک تووڕەیی، گرو تۆنێکی بەرز گوتی :-" عەشقم بۆ مێژوو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، مێژوو دەریایەکی فراوانە، مێژوو ئاوێلکەیەکی بچووکە نییە بەڵکو لە دۆخێکی دژوارو سەخت و ئاڵۆزدا دەڕێت یان بەدەستی کێشەییەکەوە گیرۆدە بووە، بەڵام هاوسەنگی و سەنگین وسالارێکی جارانی هەرمابوو، دوای ئەوەی ڕۆژباشی لێکردین بە نەبڕی کەسێکی خەمبارو دڵتەنگ بەڵکو تارادەییەک شکستخواردوو گوتی:-

"دەمەوێت لێتان بپرسم ، ئێمە بۆچی مێژوو دەخوێنین؟ بەخوێندنی مێژوو فێری چی دەبین؟ یاخود سوودی خوێندنی مێژوو چییە ؟ " چەندین قوتابی بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە هەستان، هەرچەندە وەلامەکان لە گوتن و دەربڕیندا جیاواز بوون بەڵام لەماناداهاو واتا بوون، قوتابییەک وتی :-" بەخوێندنەوەی مێژوو

تۆمارێکە زۆر لاپەڕەی ئاشکرا و زۆر لاپەڕەی شاراوە لەخۆدەگرێت، مێژوو لەلایەن سەرکەوتووانەوە نووسراوەتەوە، شکستخواردووەکان تاوانباری ناو مێژوون، هەرگیز مێژوو بەچاوی ئێستا سەیر ناکرێت، لێکدانەو شلۆقەی مێژوو پێویستە دەوروبەرو ژینگە بگەڕێنینەوە بۆ قۆناغە مێژووییەکە ئەوسا بەحەقیقەتی مێژوو دەگەین . " چەند ساتێک مات وخاموژش وبێدەنگ ڕاوە ستا دواتر کەمێک قورگی پاک کردەوە دەستیکردەوە بەقسەکردن و وتی :- هەموو کەسێک کار و پیشەیەک بۆ خۆی دیاریدەکات، ئامانجێکی تێدا هەیە ، ئامانجی سەرەکی من لەخوێندنی مێژوو یان لەگوتنەوەی وانەی مێژوو، ئەوەبوو، خەون و خەیاڵی دێرینم بەهێنمە دی..... (چرکە ساتێک خەونێکی کۆنی بەبیردا هێنایەوە)

خەون

کاتێک پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواوکرد،لاوێکی پڕ لەجۆش وخرۆش بوو،چالاک وژیرو هۆشیاربوو لەسەرو بەری ئەوەدابوو لە زانکۆ وەربگیرێت، خەونێک سەرتا پێی چیرۆکی ژیانی گۆڕی ، حەزوخولیای ئەوە کەوتە سەری ببێتە دەروێشی مێژوو ،مێژوو ببێتە خولیاو ئارەزووی لەبن نەهاتووی، ئەوەش لەوەوە هات شەوێک لەخەویدا (شەرەفخانی بەدلیسی) بینی کتێبی (شەرەفنامە)ی پێبەخشی ، شەرەفخان لەناو کەشکۆڵەکەی کتێبەکەی دەرهێناو پێیگوت :-

" ئەو کاتانەی مێژوو لەبیر دەکەین ، دەمانەوێت ڕابردوو لەبیر خۆمان ببەینەوە، هەمووندرخ و بەهای بسرینەوە ،دڵنیات دەکەمەوە ئەوە کاڵفامییە، چونکە نە مێژوو لەبیر دەچێتەوە، نە دەتوانین بێ مێژوو لەئێستاتێبگەین و نەدەتوانین لە ئایندەدا هەنگاو بنێین.مێژوو بەبەردەوام بەرۆکمان دەگرێت و ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە، مێژوو بەتەنها دوێنێی ڕابردوو تێپەڕ بوو نییە، بەڵکو مێژوو ئێستا و داهاتووە، مێژوو هەمیشە لەگەڵمان دەژێت ، مێژوو بخوێنە، ببە بە هاوڕێی مێژوو" لەو کاتەوەی مێژووی ناسیوە، هەوڵی زۆریداوە بەڕاستیەکانی مێژوو ئاشنا بێت،بەبڕوای خۆی زۆر ڕاستی بۆ دەرکەوتووە ، هۆکاری زۆر ڕوودواوی مێژووی زانیوە، لەسەرەتادا کاتێک لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەبارەی هەر باسێکی مێژووی ئەنجامدەدا زۆر دڵخۆش دەبوو ،بە تین وگوڕێکی زۆرەوە ئەو باسانەی دەکرد، شەن وکەوی ئەو بابەتانەی دەکرد.چەند ساڵێک ئەو تین وگوڕەی هەبوو بۆ شیکارکردنی میژووی تێپەڕبوو ،دواجار ماندوبوون هاتە ئاراوە ،ئیتر ئەو گەرمی وگوڕەی نەما ،ئیتر ئەو پلەی گەرمایان دەکرد پلەی گەرما بەرز بووەوە، ساڵێکیان لەو مەملەکەتەدا پێشبینی ئەوەکرا کە بارانێک دەبارێت هەرکەس ئاوی ئەو بارانە بخواتەوە شێت دەبێت، پاشا بۆ کۆشک و پیاوانی فەرمانڕەواییەکەی ئاوی پێش بارانەکەی خەزن کردوو کۆی کردەوە بەڕادەییەک بەشی ساڵێکی تەواویان بکات، دانیشتوانی مەملەکەتی پاشا ئاوی بارانەکەیان دەخوارد، کۆشکی پاشاییەتیش ئاوی پاکی پێش بارانەکەی دەخوارد، لەلایەکەوە بەتێڕووانین و سەیرکردنی کۆشکی پاشاییەتی ئەوەی خەڵکی مەملکەتەکە دەیکرد هۆکاری شێتبوونی ئەو خەڵکەبوو، نمونەی ئەو کارانەی بەشێتی دادەنرا لەدوای بارانارین خەڵک دەڕێشت ئاوی باخەکەی دەدا، لەلایەکی ترەوە ئەوەی پاشا و دەسەڵاتی کۆشک دەیکرد بەسەرنج و تێڕووانین ئەو خەڵکە شێتی و کاڵفامی بوو.ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو دوو بەرەیە لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە، بەئەندازەیەک نەتوانن یەکتر قەبوڵ بکەن. لەکۆتاییدا پاشا بەژیری و زانای خۆی لەگەڵ وەزیرو پیاوانی کۆشکەکەی کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا وپێیانی گوت:- " ئێمە گەیشتوینەتە بارو بارانماوی بخۆین بۆ ئەوەی ڕەفتارو هەڵسو کەوتمان بەیەکتر بچێت هەست بەو جیاوازییە زۆرەی یەکتر نەکەین." لەدواجاردا هەموو تێکڕا بڕیاریاندا ئاوی بارانی شێت بوون بنۆشن و لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە. مامۆستا سەرێکی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە ، کەمێک بێدەنگبوو ، دواتر وەک کاراکتەرێکی سەرلێشێواوی ناوچیرۆکەکە بەخۆی گوت :-" ئەگەر لێرە بژێم پێویستە دەستبەرداری مێژوو ببم ، ئەگەر بڕۆمیش بردنی مێژوو لەگەڵ خۆم هیچ سوودی نا بێت چونکە مێژوو بەم وڵاتەوە گرێدراوە " بەوێنەی کەسێکی دۆڕاو کەلەشەڕێکی خوێناویدا ڕزگاری بووە، هەناسەیەکی ساردی هەڵمژی و بەنەبڕەیەکی پچڕ پچڕ لەناخی خۆیدا بەخۆی وت :- "لێرە دەڕۆم، ڕاستە واز لەمێژوو دەهێنم، مێژوو لەنێو کتێبەکان بێ ناز بەجێدەهێڵم، بەڵام خەونێک لەگەڵ خۆم دەبەم، تا ژیانم مابێت ئەو خەونەش لەگەڵم دەبێت."

2019/3 کەرکوک

ململانێی پۆلینی جیهانی ئافرەتان بەردەوامە



کچە یاریزانی ئەمریکی سلوان ستیڤنز نەیتوانی پاریزگاری لەنازناوی خولی میامی کراوە بکات، دوای ئەوەی بەئەنجامی 6-3و 6-2دۆڕایە کچە ئەڵمانی تاتیانا ماریا. دوای ئەو شکستە پێشوەختەی لەخولی میامی، سلوان ستیڤنز دوو پلە گەڕایەوە دواوەو بووە خاوەن پلەی هەشتەم لە پۆلینی جیهانی تێنی زەرد. پێش ستیڤنز کچە یاریزانی ژاپۆنی ناعۆمی ئۆساکای پۆلینکاری یەکەمی جیهان بەهەمان شێوە بەزوویی مالئاوایی کرد، بەڵام تاکو ئێستا هەر لەشوێنی خۆی ماوەتەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەنجامی کچە یاریزانایەنی دیکە لەخولی میامی. مەلملانێی پۆلینکاری جیهانی ئافرەتانیش بەمشێوەیە بوو:

– سیمۆنا هالیپی رۆمانی پێویستی بەگەیشتن بەیاریکۆتایی میامی هەیە بەمەرجێک کچە چیکی پیترا کیڤیتۆڤا نەگاتە کۆتایی

– پیترا کیڤیتۆڤا پێویستە بگاتە یاری کۆتایی بەمەرجێک هالیپ نەگاتە هەمان قۆناغ

– ئەگەر ئەم دوو یاریزانە بگەنە یاری کۆتایی ئەوا ئۆساکا دەگەڕێتەوە پلەی سێیەم و براوە دەبێتە پێشەنگ

– ئەگەر ئەم دوو یاریزان هالیپ و کیڤیتۆڤا نەگەنە کۆتایی ئەوا ئۆساکا هەر لەپێشەنگ دەمێنێتەوە.

پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا وێستگەیەکی گرنگە بۆ هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەرژەنتین



بەرازیل و ئەرژەنتین، لەگەڵ ئەوەی هەردوو هەڵبژاردە دوو یاری دۆستانە بەرامبەر چیلیاو مەغریب ئەنجام دەدەن، واتاوێستگەی چاوەڕوانی جەماوەر دەبن.زۆر گرنگە هەردوو هەڵبژاردەکە لە لوتکەی ئاستیان دابن، بەر لەدەستپێکی خولەکە، چونکە بەیێ ئەم دوو هەڵبژاردەیە پاڵەوانێتییەکە هیچ گەرم و گوڕییەکی ئەوتۆی نابێت، چ لەسەر ئاست و چ لەسەر ئامادەیی هاندەران لەناو یاریگاو جیهان، دەرچوونیان بەزووبی لێدانێکی گەورەیە لەخولەکەو ئاواتی بەرازیلی و ئەرژەنتینییەکان، دوای شکستهێنانیان لەمۆندیال.

نەهز روستایی

لەو کاتەی بواریکی زۆرهەبوو لەبەردەم هەڵبژاردەکان بۆ ئەوەی پشووی یاری فەرمی و دۆستانە وەربگرن، بەڵام نەبووە رێگر بۆ بێهوایی ئەنجامی یاری هەردوو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و بەرازیل بەرامبەر ڤەنزوێلاو پەنەما لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانی کوپا ئەمریکا لە حوزەیرانی داهاتوو. بەبێگومان گەڕانەوەی ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی لەدوای دابڕانی 8مانگ واتا دوای کۆتایی هاتنی مۆندیالی 2018و مالئاواییکردنیان لەقۆناغی 8؟هشداری هیچ یارییەکی نەکرد لەو 6یارییە دۆستانەی هەڵبژاردەکەی. ئەوەی روون و ئاشکرایە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین هێشتا لەرەوشی دابڕمان نەچێتە دەرەوە دوای ئەو ئەنجامە خراپەی لەمۆندیال پێی دەرکەوتن، کە بە ئەنجامی 1-3گۆڵا بە ڤەنزوێلا دۆڕان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کارورانی تانگۆ لە کوپا ئەمریکای داهاتوو زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر لەسەر ئەم ئاوازەی بەردەوام بێت. لەبەرامبەردا هەڵبژاردەی بەرازیل لەباشترین رەوشی نەبوو، کاتێک لەگەڵ پەنەما بەگۆڵێک یەکسان بوو، لەدوای 6 سەرکەوتنی هەڵبژاردەی سامبا کە لەقۆناغی 8مالئاوایی لە مۆندیالی رووسیا کرد لەسەر دەستی هەڵبژاردەی بەلژیکا.سامبا بەو ئاستە چاوەڕوانکراوەیان دەرنەکەوتن و بەهەڕەمەکی لەناوەڕاستی یاریگا یاریان دەکرد، پێویستیان بەهەندێک هەمواركردن هەیە ئەگەر بیانەوێت تۆمار بکەن، کە لەوڵاتی بەرازیل بەڕێوەدەچێت، واتا هاندەرانی خۆشەویستی تۆپی پێ چاوەڕێی زیاتر بوون لەهەڵبژاردەکەیان، کەچەندین هیوایان لەسەر هەڵبژاردەکەی ئێستایان چنیوە، بۆیە ئاستی هیواکان کەمتر نین تاکو بتوانن بۆ یەکەمین جار دوای سالی 2007نازناوەکە بەرز بکەنەوە.

پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا وێستگەیەکی گرنگە بۆ هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەرژەنتین بەتایبەتی دوای ئەوەی باشترین هەردوو هەڵبژاردە ماوەیەکی درێژە لەسەکۆی نازناوەکان دوورکەوتوونەتەوە، بەتایبەتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین کە 26ساڵە ئەم نازناوەی بەدەست نەهێناوە. کە بەردەوام پالێتوراوبوونە بۆ نازناوی ئەم خولە. بەردەوامی ئەم ئاستە نا ئاساییە لێدانێکی بەهێزە لەخەونی هاندەرانی هەردوو هەڵبژاردەی

کیسەل یارییەکی تۆپی پێ دەوەستێنێت



لەیارییە دۆستانەکەی نێوان لاوانی ئۆکرانیا و مەقدۆنیا، چەند خولەکێک یارییەکە وەستا بەهۆی ئەوەی دوو کیسەڵ لەکاتی یارییەکە چوونە ناو یاریگاوە.

لەکاتی یارییەکەدا ناوبژیوان دەبینێت دوو کیسەل لای هێلی تەنیشتەکانەوە هاتوونەتە ناو یاریگاوە، بۆیە یارییەک رادەگرێت و یەفگینی کۆچیرینکۆی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئۆکرانیا دەچێت هەردوو کیسەلەکە دەباتە دەرەوەی یاریگا و جەماوەر بەچەپڵە پێشوازی لێدەکەن، یارییەکە دوای وەستانی چەند خولەکێک دەستپێدەکاتەوە.

ژمارەیەکی نایاب بۆ هازارد لەکاروانی نێودەوڵەتیدا

ئەستێرەی یانەی چێلسی و هەڵبژاردەی بەلژیکا ئیدین هازارد توانی ژمارەیەکی نایاب تۆمار بکات، لەکاروانی نێودەوڵەتیدا، دوای یاری رابردوویان بەرامبەر قوبرس لەچوارچێوەی پالاوتنەکانی یۆرۆی .2020یاریزانی نێودەوڵەتی ناوبراو توانی بگاتە یاری ژمارە 100ی نێودەوڵەتی،وەکو سێیەمین یاریزان لەمێژووی بەلژیکا کە بتوانێت بگاتە ئەم ژمارەیە شان بەشانی هەریەک لەیاریزانان ڤیرتۆنگن بەرگریکاری تۆتنهام و بە 112یاری و ئاکسێلڤیتسل یاریزیانی ناوەڕاستی بۆرۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بە 101یاری. هازارد گۆڵی یەکەمی هەڵبژاردەی بەلژیکای لەویاریبە تۆمارکرد، پاشان باچوای گۆڵی دووەمی لەخولەکی 18تۆمارکرد.



پێرلۆ: لەم کاتەدا یۆڤی لە بارسا باشترە و کریسیش لەوپەڕی ئاستیدایە

رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرت دیمانەیەکی لەگەڵ ئەندریا پێرلۆ یاریزانی پێشووی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی ئەنجامداوە و تیایدا پێرلۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یانەی یۆڤینتۆس لەم کاتەدا زۆر لە یانەی بەرشلۆنە باشترە. هەروەها پێرلۆ گوتی: رێزنتادای پاڵەوانی ئیتاڵیا لە یاری گەڕانەوەی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا کە لەبەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئسپانی تۆماریان کرد، خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ ئەوەی بیانکۆڕی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بەدەست بهێنن، سەبارەت بە کریستیانۆ رۆنالدۆش ئەوەی راگەیاند کە ئەو یاریزانە ئێستا لەوپەڕی ئاست باشیدایە و پشتیوانیەکی بەهیزی یۆڤی دەبێت لەبەدەستهێنانی نازناوەکە.

نگۆلۆ کانتی:
بەڵای منەوە گرنگ نییە زێدان چاوی لەسەر من بێت



نگۆلۆ کانتی یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی چێلسی ئینگلیزی کە بەباشترین یاریزانی هێڵی ناوەراست لە جیهان دەژمێردرێت، چەندین یانە چاویان برێتەوتێ بۆ ئەوەی پەلکێشی ریزەکانیان بکەن وەک یانەکانی ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان و یۆڤینتۆس، بەتایبەتیش کە ئێستا یانەی ریال مەدرید و خودی راهێنەر زینەدین زێدان کە زۆر بایەخی پێدەدەن، لەوەڵامدا نگۆلۆ کانتی گوتی: من ئێستا لەیانەی چێلسی یاری دەکەم و بیوهۆشم هەر لەو یانەیەیە، گرنگ نییە کێ بایەخم پێدەدات، هەتا ئەگەر زێدان و ریال مەدریدیش بن، ئەمە بەڵای منەوە گرنگ نییە.

یانەکەی نگۆلۆ لەپلەی شەشەمی ریزبەندی حولی ئینگلیزی دێت و ئەگەری زۆرە کە نەتوانێت بگاتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بۆیە ئەو یاریزانە بیر لەوە دەکاتەوە ئەو یانە لەندەنیە جێبهێڵێت.

لەپەراویزی یاریی هەڵبژاردەی فەرەنسا، کەنالی M6پرسیاری ئەوەی لێکرد کە

ژمارە پێوانەییەکانی مباپی بەردەوامن

یاری فەرەنسا بەرامبەر ئایسلەندا یاری ژمارە 30بوو بۆ ئەستێرەی لاوی فەرەنسی کیلیان مباپی بەدرێسی کەڵەشێرەکان، دوای تەنها 2ساڵ لەپەیوەندیکردنی بەهەڵبژاردەی فەرەنسی کەلەسەرەتای ساڵی 2017ی بوو، تاکو ئێستا کەتەمەنی 20ساڵ و سێ مانگە لیستەکەی لەگەڵ هاوڕێکەی ئۆلیڤێ گیرۆ یەکسان کردەوە لە ریزبەندی گۆڵکارە میژوویییەکانی فەرەنسا کەلەپلەی سێیەم دایە. مباپی لەو یارییەدا توانی گۆڵی سێیەمی هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات و 2گۆڵیش بۆ سامۆیێل ئۆمتیتی و ئەنتوان گریزمان دروست بکات، بەمەش یاری ژمارە 30 بەشێوەیەکی نایاب پێشکەشک کرد، کە لەگەڕی دووەمی پاڵاوتنەکانی جامی نەتەوەکانی 2020بەڕێوەچوو. بەمەش مباپی توانی ژمارەی کەریم بنزیمەی ریال مەدرید بشکێنێت وەکو بچووکترین یاریزان بگاتە ئەم ژمارەیەی یاری نێودەوڵەتی، کە بنزیمە لتەمەنی 22ساڵی و 9مانگیدا یاری ژ1مارە 30ی کەڵەشێرەکانی ئەنجامدا. ئەمەش ژمارەیەکی تازە بوو بۆ مباپی کە بووە دووەمین بچووکترین یاریزان بەدرێسی فەرەنسا یاری بکات، کە یەکەمین دەرکەوتنی بەرامبەر هەڵبژاردەی لۆکسمبۆرگ بوو لەپاڵاوتنی مۆندیالی ڕووسیا. مباپی توانی وەکوو بچووکترین یاریزانی فەرەنسا گۆڵ لە مۆندیال تۆمار بکات، هەروەها مباپی بووە خاوەنی 11گۆڵی نێودەوڵەتی و 8گۆڵیشی دروستکردووە، بەمەش کەوتە کاروانی ڕێگای شکاندنی ژمارەی گۆڵکارە میژوویییەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا کە بەناوی تێری هێنرییە بە 51گۆڵ.

نەهز روستایی



مان سیتی خۆی ئامادەکردووە بۆ لێدانی ریال و بەرشلۆنە





سایتی کالچیۆ میرکاتۆی ئیتالی لە ڕاپۆرتیکدا ڕوونی کردەوە کە یانەی مان سیتی بەنیازە گرێبەستێک لەگەڵ یاریزانێکدا بکات کە یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە خۆیان بۆ ماتداوە.

سایتە ئیتالیەکە ئاماژەی بەوەداوە کە مان سیتی بڕی 100ملیۆن یورۆی تەرخان کردووە بۆ هێنانی میلان سکرینیاری بەرگریکاری یانەی ئینتەر میلان لە هاوینی داهاتوو، ئەمە لە کاتێکدا کە ئامانجی هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنەیە لە هاوینی داهاتوو، لەولاشەوە بریکاری ئەو یاریزانە سلۆڤاکیە رایگەیاندووە کە بەهای ئەو یاریزانە لە جیهێشتنی نیراتزۆری خۆی لە 100ملیۆن یورۆ دەدات کە هەمان ئەو بڕیەیە یانەی مان سیتی خستوویەتی بەردەمی.

سیمۆن بایلیز کچە گاڵتە ئامێزەکە:
ئەگەر وابڕوات پاش 7 ساڵی تر لەسەر کورسی کەمئەندامان دەمبینن

سیمۆن بایلیزی کچە جوناستیکی ئەمریکی کە هەڵگری 4میدالیای زێڕی ئۆڵۆمپیادە، بەهۆی ئازارەوە لە وەرزش دوور دەکەوێتەوە گومان لەخۆی دەکات کە جارێکی تر بتوانێت بگەڕێتەوە سەر وەرزشی جوناستیک، هەروەها لەبەر قسە خۆشەکانی هەمیشە بە کچە گاڵتە ئامێزەکەی گۆڕەپانی جوناستیک ناوی دەبەن.

ئەگەرچی سیمۆن تەمەنی هێشتا نەگەیشتۆتە 23ساڵ و ئەوتوانایەی ماوە کە بتوانێت رکابەری پاڵەوانانی جیهان بکات، بەڵام لەناکاو بەبیانووی ئازاری جەستەیە بەشداری هیچ پاڵەوانێتییەک ناکات، ئێستاش هەمووان داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە، بۆیە لەوەڵامی ئەمەدا گوتی: کەس بڕوام پێناکات کە جەستەم ئازاری هەیە، بڕوام پێبکەن بایەکی سارد لێم بدات ئەوا هەموو جەستەم ئازاری دەبێت، ڕەنگە هەقیشیان بێت بڕوام پێنەکەن، چونکە لەوتەمەن بەخۆشم نازانم ئەو ئازارەم لەکوێ بۆ هات؟

هەروەها سیمۆنی بە پێکەنینەوە گوتی: تکاتان لێدەکەم بڕوام پێ بکەن، من ئەو سیمۆنەی جاران نیم کە هەر چوارپەلم بەردەوام لە بۆشایی ئاسمان بوو، ئەگەر وابڕوات لەتەمەنی 30ساڵیدا لەسەر کورسی کەمئەندامان دەمبینم، ڕەنگە ئەوکات بڕوام پێ بکەن، نا نەخێر ئەوکاتیش بڕوام پێناکەن، چونکە من پیر نەبوویە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 28. Mar. 2019 No: (5719)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هونەرمەندی شێوەکار (کەمال هەژار) گەورەترین پێشانگای پانۆرامای خۆڕاگری کورد لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمندی شێوە کاری کورد(کەمال هەژار) لەلێدوانێکی تایبەت بەخەباتی گوت: سەرقاڵی گەورە ترین پێشانگا ی پانۆرامای خۆراگری کورد لە کوردستان و دەرە وەی وڵات،پانۆ راما کان سەرجەمیان قەبارە گەورە و جیاوازن ، کاری سەرسوڕهێنو ئەکادیین ، هەموویان بە ڕەنگی زەیتی بەرهەم هێنرا ون ،لە بەرئەوە ی ئەمکارانە میژووین بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، وەکوو هونە رمندی شێوەکار کەمال هە ژا ر دەڵێت: میژوو ئاوێنەی هەڵگرتن و هەڵسوڕانی هونەرمندە لە ڕەنگە جیاکانیدا.هونەرمەند کەمال هەژار لەدوماهیدا دەربارەی ئامانجی لەئەنجامدانی ئەو کارە گوتی:مەبەستم لەم کارە پانۆراما ییانە بۆ ئەوە ی ئەوبۆشاییە میژووییە پڕبکەمەوە کەخۆم بە قەرزار دەزا نم بەرانبەر بە نە تەوە ستەم دیدەکەم.

هاوشێوەکەی مێسی لە هەولێرە

بەشداری درامایەکی کوردی دەکات



خەبات- سەنگەر حوسێن:

دوێنێ چوارشەمە لەشاری هەولێر، گرێبەستێک لە نێوان کۆمپانیایەکی تایبەت بە بواری هونەرو هاوشێوەکەی میسی ئیمزا کرا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە زنجیرە درامایەک کە بەمزووانە لە هەرێمی کوردستان وێنەی دەگیرێت.

(رەزا پریستش) کە هاوڵاتیەکی بە رەگەز ئێرانییەو لە شاری تاران دادەنیشێت، بەسەردانێک لە کوردستانە، دوێنێ گرێبەستێکی مۆر کرد بە مەبەستی بەشداری کردن لە زنجیرە درامایەک بەناوی (چەرخ و فەلەک) کە بەرهەمێکی هاوبەشی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەتە بە مەبەستی بەرەو پێشبردن و بەپیشەسازی کردنی وەبەرهێنانە لە کەرتی هونەرو دراماداً.

میران دزەیی بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی پڕۆژەکە لە لێدوانێکدا بۆ خەبات رایگەیاند: ماوەیەکە دریژە کار لەسەر بەرهەمهێنانی زنجیرە درامای (چەرخ و فەلەک) دەکەین، ئەمڕۆ هونەرمەند (رەزا پریستش) کە بە هاوشێوەی میسی ناسراوەو بەشداری چەندین فیلمی کردووە، هاتۆتە شاری هەولێر بەمەبەستی واژۆ کردنی بۆندێک بۆ بەشداری لە دراماکە کە لە پایتەخت وێنەی دەگیرێت و لە ٣٠ ئەلقە پێک دێت، هەر ئەلقەیەکیش ٤٥ خولەک دەبێت.

میران دزەیی گوتیشی: نووسینی سیناریۆی ئەم فیلمە دوو ساڵ و نیوی خایاندووە، بە کوالیتییەکی بەرز بەرهەم دێت. چیرۆکی دراماکە باس لە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە دەکات بەتایبەتی کێشەی نێوان گەنجان لەسەر هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە. هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان ڕێشان نیزم و ئەکتەرەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆکیش بەشداری ئەم بەرهەمە دەکەن.

ڕیهام و یاسمین لەسەر مێرد دەبێت بەشەڕیان



بە پێ هەواڵێکی هونەری ئەلیەوم سابع، هونەرمەندی دەرکەوتوی میسری ریهام حەجاج، کە هەمیشە بە هونەرمەندێکی بوێر ناوی دەرکردووە، لە لێداوانێکدا ڕەتیکردۆتەوە کەوا ژیانی هاوسەرگیری لەگەل سەرمایەداری ناودار محەمەد حەلاوە پێکهێنابێت. لەکاتێکدا ئەم هەواڵە لە تۆزە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە.

ناوبراو هاوسەری یاسمین عەبدولعەزیزی کچە شۆخی میسری بوو بەڵام لێک جیابوونەوە. شایەنی باسە لەچەندین بۆنەی هونەری بەو هۆیەوە شەرە قسە لە نێوان ریهام خۆشەویستی نوێ و یاسەمین هاوسەری کۆنی حەلاوە پەیدا بووەو ناکۆکییەکان خەریکە دەگەن بە دادگای میسری.

قژی (دایۆ) لە چوار مەتر زیاترە!

تارین پاشا

کچێکی جوانی خوێن شیرین هەبوو لەم هەولێرە ,بەر لە ڕاپەڕین ,کەزیەکەی دریژبوو دەگەیشتە بەر قاچەکانی ,بۆیە هەموو ڕۆژ کە دەڕۆیشتە دەوامەکەی خۆی ,کەزیەکەی دەکردە تۆپێکی گەورەو دەیپەستە ناو گیرفانی چاکێتەکەی.بەمەزندەی من کەزی ئەو کچە جوانە نزیکەی دوو مەتر بوو ,دوو مەتریش زۆرە ,کەچی خاوەنی ئەم وێنەیەی کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بڵاوکراوەتەوە ,بەر لە چوارده ساڵ ,قژی زۆر دریژ بوو زیاتر لە دووجار و نیو لە پرچی کچە کوردەکەی خۆمان دریژترىوو .ئەو کاتەی کچە (سینیەکە) تەمەنی 40ساڵ بوو، خەریکی برچی بوو بەو هیوایەی تامردن ,بەردەوام بێت لە دریژکردنی قژەکەی.

ئەگەر بە 26ساڵی قژی (دایۆ جین) لە چوار مەتر دریژتربێت ,دەبێ ئێستا قژەکەی چەند بێت!



هونەرمەند محەمەد زورگڤانی:

بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرێک نەمتوانیوە گۆرانیە نوێیەکەم کلیپ بکەم



دیانە - موسیلم دزڵەمەری

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی دەنگێکی خۆش و بەرهەمی جوانن بەڵام هەندێجار لەبەر خراپی باری دارایی و نەبوونی هاوکاری لایەنەکان وایان لێدەکات هەندێجار ون و هەندێجاریش دەرکەون لەنێو جیهانی هونەری کوردیدا، محەمەد زورەگڤانی یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوە دەنگخۆشانەی کە هەندێجار ونەو هەندێجاریش دیار، وەک خۆی بۆ ئێمەی باسکردو گوتی: من هونەرمەند محەمەد زورەگڤانی کە زورەگڤان گوندێکی سەر بە ناحیەی بارزانە، هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەا دەستمکردووە بە کاری هونەریم کە تاکو ئێستا 26 گۆرانیم تۆمار کردووە لەوانە کە زۆربەیان سترانی ئەڤینین تەنها دوو سترانم نیشتمانپەروەرین، وە تاکو ئێستاش چوار ستڕانم کلیپیان بۆ کراوە.

سەبارەت بە گۆرانی نوێ و کلیپکردنی گوتی: ئەوە ماوەیەکە گورانیەکی نوێم تۆمار کردووە بە ناوی بێنەسیبم کە پەیڤ و ئاوازی هونەرمەند خانە میرن بەڵام بەداخەوە لایەنی مادیم باش نەبووە کە کاری کلیپی بۆ بکەم وە هەروەها هیچ سپۆنسەرێکیشم دەستناکەوێت کە سپۆنسەری کلیپەکەم بکات لە بەرئەوەی تاکو ئێستا کاری هونەری نوێم وامەاوەتەوە کە ئامادەکاری تەواویش بۆ کلیپەکەم کراوە لە لایەن مامۆستاو دەرهێنەری بەتوانا یوسف لەشکری بەڵام دووبارە دەڵێم بەداخەوە هاوکاریم نییە.

دەربارەی هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار گوتی: بەداخەوە پێموایە لایەنی پەیوەندیدار گوێیەستی ستران و پەیڤ و ئاوازی ڕەسەنی کوردی نین تەنها گرنگی بە هونەر دۆستێت ئافرەت دەدەن بێ ئەوەی کە بزانن گۆرانی ئەوان گونجاوی هونەری کوردیە یان نا؟

لە کۆتاییدا گوتی: داواکارم و هیوادارم چیتر هونەرمەندانی گەلەکەمان بێبەش نەکەن لە هاوکاری و پشتگیری هونەری کوردی بۆ ئەوەی هونەری ڕەسەنی گەلەکەمان نەمرێت و پێشبکەوێت وە هەروەها جیاوازی بکەن لە نێو دەنگەکان و پەیڤ و ئاوازی ڕەسەنی کوردی و سەردەمی و بیانید.